**بەیاننامە**



**ساڵێک دوای هەڵبژاردنی دەیەمین دەورەی سەرکۆماری**

٣

**سیاسی**

**بە بۆنەی ٣٠ ساڵەی دامەزرانی رادیۆ دەنگی کوردستانەوە**

٤

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥٣٧

www. kurdistanukurd.com

دووشەممە ٣١ی جۆزەردانی ١٣٨٩ - ٢١ی ژوئەنی ٢٠١٠ - ١٥٠تمەن ● ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

**کوردستانی**



**هێرشی هێزەکانی ئێران بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بە چ مەبەستێک؟**

٧

**وتوێژ**



**میراتی کلتوری لە گفتوگۆ لەگەڵ هونەرمەند نامۆدا**

٨

# سەرکوت و تاوان دژی گەلی کورد لە کوردستان لە زیادبووندایە

لە کوردستان پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و تاوان لەدژی رۆڵەکانی گەلی کورد لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە هەروا بەردەوامە و خراپتر لە پێشوو درێژەی هەیە. ناوەندی هەواڵی "کوردستان و کورد نیوز" تازەترین راپۆرتی خۆی لە بارەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان بڵاوکردەوە. ئەم راپۆرتە سێ مانگی بەهاری ١٣٨٩دەگرێتەوەو ئاماژەی بە دەیان نموونە کوژران و زیاتر لە ١٠٠ نموونە برینداربوون و گیرانی دانیشتووانی کوردستان بەهۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی کردوە. راپۆرتەکە هەر لەم ژمارەیەی کوردستان دا بلاو بۆتەوە.




## لەدەسپێکی ساڵی دووهەم دا

قادر وریا

ڕووداوەکانی دەوروبەری ٢٢ی جۆزەردانی ئەمساڵ، هەر لەو کاتەدا کە دەریان خست سەرانی ئێستای کۆماری ئیسلامی دوای ساڵێک گرتن و کوشتن، نەیانتوانیوە ناڕەزایەتیی خەڵک دامرکێننەوە، ئەم پەیامەشیان پێ بوو کە ئەم ڕێژیمە ساڵێکی دژوارتری لە بەردەم دایە.

سەرەڕای ئەوکەش و هەوا نیزامییە کە دەسەڵاتبەدەستانی نیزام لە بەرەبەرەی ٢٢ ی جۆزەردان دا لە تاران و شارە گەورەکان پێکیان هێنابوو و لەگەڵ ئەوەش دا کە داوای مووسەوی و کەڕووبی و چەند حیزبێکی ڕیفۆرمخواز بۆ ڕێپێوان لەم ڕۆژە دا ڕەت کرایەوە، چەندین خۆپێشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین بە تایبەتی لە لایەن خوێندکارانەوە، ڕوویان دا. ئەگەر لە ژوورەوەش لە ئاکامی زاڵکردنی کەشو هەوای پۆلیسی و نیزامی دا، دەرەتانی خۆپیشاندان و ڕێپێوانی گەورە نەبوو، لە دەرەوەی وڵات لە دەیان وڵات و چەندین شاری گەورەی جیهان، ڕێپێوان، سمینارو ئاکسیۆنی جۆراوجۆری دیکە لەلایەن ئێرانییەکانەوە بەڕێوە چوون کە ئامانجی هەر هەموویان پشتیوانی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە نێوخۆی ئێران و مەحکوومکردنی ڕێژیمی سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی بوو.

بزووتنەوەی ناڕەزایەتیدەربڕینی دوای ٢٢ی جۆزەردان، نەک هەر لەنێوخۆی وڵات، بەڵکوو لە دەرەوەی وڵاتیش بووە هۆی پەرەگرتنی یەکیەتی و هاوپێوەندی لەنێو هاونیشتمانانی ئێرانیدا. لە ئاکامی هاوپێوەندیی ئێرانییەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا و هەوڵدانیان بۆ ئاگادار کردنەوەی بیروڕای گشتیی دنیا لە تاوانەکانی ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی، لە ئاستی جیهانیش دا هاوپێوەندییەکی کەم وێنە لەگەڵ خەڵکی ئێران وەڕێ کەوتوە.

گەورەبوونەوەی کەلێنی لەمێژینەی نێوان خەڵک و دەسەڵاتداریتیی کۆماری ئیسلامی لە حاڵێک دایە کە درزێکی گەورە کەوتۆتە نێو پەیکەرەی ئەم نیزامە. ژمارەی ئەو «مەرجەع»و ئایەتوڵڵایانەی دژایەتیی خامەنەیی و ئەحمەدینژاد و ئەم شێوەیە لە دەسەڵاتدارەتیی ئەوان دەکەن، تادێ زیاتر دەبێ. ڕێگەنەدان بە قسەکردنی حەسەن خومەینی لە ٢١ ساڵەی کۆچی خومەینی دا و هێرشبردنی دەست و پێوەندەکانی تاقمی دەسەڵاتدار بۆ سەر ماڵی ئایەتوڵڵا سانیعی ودەفتەری مونتەزیری لە جۆزەردانی ئەمساڵ دا تەنیا گۆشەیەکی بچووک لەو ململانێ و ناکۆکییانە پێشان دەدەن کە «مراجع» و رووحانییەکان لەگەڵ تاقمی دەسەڵاتداردا هەیانە.

دەسەڵاتبەدەستانی ئێستای کۆماری ئیسلامی دەبێ شانبەشانی ململانێ لەنێوخۆی نیزام و لەگەڵ خەڵک دا،بەرەوڕووی گوشاری جیهانی لە دووبەرەدا ببنەوە. هەم خۆیان بۆ ئەو تەحریمانە ئامادە بکەن کە لە سۆنگەی پێداگری و لاسارییان لە بارەی بەرنامە ناوکییەکانیانەوە، ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بە سەریاندا دەسەپێنن. هەم وەڵامدەری ئەو گوشارانە بن کە لە بواری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دا دەخرێتە سەریان.

بە هەموو ئەم نیشانانەڕا دیارە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە دەسپێکی ساڵی دووهەمی کودیتا لە دژی دەنگەکانی خەڵک، لەگەڵ کۆسپ و گرفت و کێشەی گەورە بەرەوڕوویە. دەمێنێتەوە سەر ئۆپۆزیسیۆنی ئەو ڕێژیمە لەنێوخۆو دەرەوەی وڵات کە تا چەند دەتوانێ ئەم هەلومەرجە لەبارە بۆ پاشەکشە بە دەسەڵاتداران و بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کەڵک وەربگرێ.

## پێشوازیی خەڵکی کوردستان لە بانگەوازی کوژاندنەوەی چرای ماڵەکان لە چلەی شەهیدانی ١٩ ی بانەمەڕدا



خەڵکی بەشێک لە شارەکانی کوردستان لە چلەی شەهیدانی ١٩ ی بانەمەڕ دا چرای ماڵەکانیان کوژاندەوە.

دوای ئەوەی کۆمەڵێک لە چالاکانی مەدەنیی کوردستان و بنەماڵەی شەهیدانی ١٩ ی بانەمەڕ، فەرزاد کەمانگەر، شیرین عەلەم هولی، عەلی حەیدەریان و فەرهاد وەکیلی و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان داوایان لە خەڵکی کوردستان کرد کە لە چلەی ئەو شەهیدانەدا بۆ ماوەی ٥ دەقیقە چرای ماڵەکانیان بکوژێننەوە، لە زۆربەی شارەکانی کوردستان ئەو حەرەکەتە سەمبولیکە بەڕێوە چوو.

بە پێی هەواڵی گەیشتوو بە «کوردستان» بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان لە شارەکانی مەریوان، سنە، مەهاباد، بۆکان، شنۆ، کامیاران، سەردەشت، دیولان و نەغەدە و زۆربەی ئاواییەکانی سەر بەو ناوچانە سەعات ١٠ ی شەوی چوارشەممە، ٢٦ ی جۆزەردان بە کوژاندنەوەی چرای ماڵەکانیان بۆ ماوەی ٥ خولەک، یاد و بیرەوەریی شەهیدانی سەربەرزی ١٩ ی بانەمەڕ، فەرزاد کەمانگەر، شیرین عەلەم هولی، عەلی حەیدەریان ، فەرهاد وەکیلی و مێهدی ئیسلامیانیان بەرز ڕاگرت.

دیارە بە هۆی هەڵە تێگەیشتنێکی گشتی لە سەر ئەوەی ئەو حەرەکەتە لە چوارشەممە شەو دا دەکرێ یا شەوی پێنجشەممە، بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان شەوی پێنجشەممە ٢٧ ی جۆزەردان چرای ماڵەکانیان، سەعات ١٠ ی شەو بۆ ماوەی ٥ خولەک کوژاندەوە.

## کۆبوونەوەی شووڕای ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزب دەستی پێ کرد



ڕۆژی دووشەممە، ٣١ ی جۆزەردان هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەسەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتێرێ گشتیی حیزب لە بنکەی سەرەکیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرک لە کۆبوونەوەی شووڕای ئەنترناسیونالی سۆسیالست دا بەشداری کرد.

ئەم کۆبوونەوەیە ڕۆژی دووشەممە، ٣١ ی جۆزەردان دەستی پێ کرد و سێشەممە، ١ی پووشپەڕ کۆتایی بە کارەکانی خۆی دێنێ.

جێگای وەبیر هێنانەوەیە کە پێشتریش لە ڕۆژەکانی ٩ تا ١١ی سپتامبری ١٩٩٦ هەر لەو شوێنە واتە لە بنکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرک هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بەسەرپەرهستیی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سکرتێری ئەو کاتی حیزب لە کۆنگرەی بیستەمی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست دا بەشدار بوو وتارێکی پێش کەش کرد و هەرلەو کۆنگرەیەدا بوو کە حیزبی دێموکرات بوو بە ئەندامی چاوەدێر لە ڕێکخراوی ئەنترناسیونال سۆسیالیست دا.

نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کاروباری ئەنترناسیونالی سۆسیالیست ڕاگەیاند کە کامەران باڵنور، بەرپرسی پیوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەمریکا لەو سەفەرەدا هاورییەتیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکا.

لەو سەفەرەدا خالید عەزیزی لە گەڵ کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی و ڕێبەرانی حیزبە سوسیالیستەکانی دنیا دیدار و چاوپێکەوتنی دەبێ کە لە ژمارەی داهاتوو دا زانیاریی زیاتر لەو پێوەندییەدا بڵاو دەکەینەوە.

## مالک ریگی ئێعدام کرا

سەرچاوەکانی هەواڵ بڵاویان کردەوە کە ڕۆژی یەکشەممە، ٣٠ ی جۆزەردان مالیکی ریگی سەرکردەی گرووپی جوندوڵلای ئێران بە تاوانی دژایەتی و شەرکردن لە گەڵ خوداو بارمتەگیری و جاسووسی ئێعدام کراوە.

عەبدولمالکی ریگی ڕەشەمەی ساڵی ڕابردوو لە لایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی ڕێژیمەوە رفێندرا و دواتر چەند جارێک هێنرایە سەر شاشەی تی ڤی و ئێعترافی لێ بڵاو کرایەوە.

عەبدولمالکی ریگی سەرۆکایەتیی گرووپی جوندوڵلای دەکرد کە بە ئامانجی دژایەتیکردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و دابینکردنی مافی کەمایەتیی سوننە مەزهەبی سیستان و بەلووچستانیان دامەزراوە.

ئەو گرووپەی ریگی لە ماوەی ٧ ساڵی ڕابردوودا توانی ئەو بەشە لە ئێران تووشی قەیران بکاو زەبری قورس لە هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی بوەشێنێ.



شایانی باسە کە برای عەبدولمالکی ریگی، عەبدولحەمید ریگی کە دوو ساڵ لەوە پێش گیرابوو لە ٣ ی مانگی جۆزەردانا ئیعدام کرابوو.

## ئێران بووەتە ناوەندێکی گەورەی قاچاخی مرۆڤ

بە پێ راپۆرتێک کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ساڵانە لە سەر قاچاخی مروڤ بڵاوی دەکاتەوە، ئێران بە هۆی نەبونی پرەنسیبە یاساییەکان و نەبوونی کەمترین هەوڵ بۆ پێشگیری لە کۆیلایەتیی مۆدێرن، زۆرترین رەخنەی لێ گیراوە.

لەو راپۆرتەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دا کە رادیۆ فەردا بڵاوی کردۆتەوە، هاتوە کە ئێران هەم سەرچاوەو هەم شوێنی هێنان وبردن و هەم شوێنی مانەوەی ئەو ژن وپیاو و منداڵانەیە کە بە شێوەی نایاسایی و لە رێگەی قاچاخاوە بازرگانیی پۆڕنۆیان پێ دەکرێ و بەتایبەت شوێنی بازرگانیکردن بەو کەسانەیە کە بۆ لەشفرۆشیی و کاری زورە ملی هاتوچۆیان پێ دەکرێ .

لە درێژەی ئەم راپۆرتەدا باس لەوە کراوە کە ، پیاوان و کوڕانی ئێرانی و ئەفغانی لە ناوەندەکانی لەشفرۆشی باشووری ئێران لەشفرۆشیان پێ دەکرێ و کچان و ژنانی تازە پێگەیشتووی ئێرانیش بۆ وڵاتانی پاکستان و عێراق ودوبەی وهەروەها فەرانسە وئاڵمان و بریتانیا ، بۆ مەبەستی لەشفرۆشی وبازرگانیی هاتوچۆیان پێ دەکرێ.

ئەم راپۆرتە بە درێژی باس لە هێڵی ترانزیتی ئێران بۆ گواستنەوەی ژنان و کچانی وڵاتانی جۆراوجۆر بۆ کاری بازرگانی لەشفرۆشی بەرەو وڵاتانی عەرەبی کردوە.

لەم راپۆرتەدا ئاماژە بەوە کراوە کە خودی دەزگای قەزایی ئێران لە سەر قاچاخی ئینسان کێشە خوڵقێنە. دەزگای قەزایی ئێران لەباتی سزادانی ئەو کەسانەی بازرگانی بە مرۆڤ دەکەن، خودی قوربانییەکەی سزا داوە.

# بەڕێوەچوونی چلەی ماتەمینیی شەهیدانی ١٩ ی بانەمەڕ لە شاری هەولێر

کوردستان : چلەی شەهیدانی ١٩ی بانەمەر بە بەشداریی سەدان کەس لە کوردەکانی رۆژهەڵات و باشووری کوردستان لە شاری هەولێر بەرێوەچوو.

دوانیوەڕۆی رۆژی پێنجشەممە، ٢٧ ی جۆزەردان کەمپینی کوردستان بۆ بەرگری لە زیندانیانی سیاسیی کورد، بە بۆنەی چلەی شەهیدانی ١٩ی بانەمەر رێورەسمێکی لە پارکی سامی عەبدولرەحمان لە شاری هەولێر بەڕێوە برد. ئەو رێورەسمە بە بەشداریی سەدان کەس لە کوردانی روژهەڵات نیشتەجێ لە باشووری کوردستان و هەروەها نوێنەرانی بەشێکی بەرچاو لە حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی روژهەڵات و باشووری کوردستان بەرێوە چوو.



رێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی رقیب و دقیقەیەک بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی رێگەی ئازادی وکوردستان دەستی پێ کرد. پاشان بەیاننامە و هەروەها یاداشت نامەی کەمپەینی کوردستان بۆ پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسیی کورد خوێندرایەوە. لە یاداشتنامەکەی کەمپین دا کە ئاراستەی کومیسێری باڵای مافی مروڤی رێکخراوی چاوەدێری مافەکانی مروڤ و خاچی سووری نێودەوڵەتی کرابوو، تیشک خرابووە سەر بارودۆخی نالەباری مافی مروڤ لە ئێران و روژهەڵاتی کوردستان و هەروەها بارودۆخی نالەبار ومەترسیداری زیندانیانی سیاسیی کورد لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا.

لە یادداشتنامەکەدا داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرابوو کە بە فشارخستنە سەر رێژیمی ئیسلامی هەوڵ بدەن کۆتایی بە پێشیلکارییەکانی مافە بنەڕەتیەکانی مروڤی کورد لە ئێران بێنن. هەروەها داوا لە رێکخراوە نێو د و ڵە تییە کا نی مافی مروڤ کراوە کە شاندی مافی مرۆڤ و پزیشکی بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی زیندانیان رەوانەی ئێران بکەن.

دواتر هونەرمەند کالێ تاتەشین، سروودیکی تایبەت بە یادی زیندانیانی خۆڕاگری کوردی پێشکەش کرد. لە دەرێژە دا پەیامی بنەماڵەی شەهید شیرین عەلەم هوولی لە لایان مەلائیکە عەلەم هوولییەوە خوێندرایەوە.

لە کۆتایی دا نوێنەرانی حیزب و ریکخراوە کوردستانییەکان لەوانە حیزبی دیموکراتی کوردستان ، حیزبی شیوعی کوردستان، کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، پارتی ئازادیی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و چەند رێکخراوی دیکە بۆ ریز گرتن لە شەهیدانی رۆژی ١٩ی بانەمەر، تاجە گوڵینەیان لە سەر مۆنۆمیتنی شەهیدان دانا.

لەو رێورەسمەدا پەیامی ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانیانی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەشی کەمپینی کوردستان بۆ پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسیی کورد کرا.

شایانی باسە کە هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدک لەو رێوڕەسمەدا بەشدار بوون.

# یادی ٣٠ ساڵەی دامەزرانی رادیۆی دەنگی کوردستان بەرز راگیرا



رۆژی ٥ شەممە ٢٧ی جۆزەردان ٣٠ ساڵەی دامەزرانی رادیۆی دەنگی کوردستان, بە مەبەستی یاد کردنەوەو رێز گرتن لە هەوڵ و ماندووبوونی پێرسۆنێل و کارگێرانی ئەم رادیۆیە رێورەسمێکی تایبەتی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەڕێوەچوو.

لە سەرەتای ئەم رێورەسمەدا کە بە بەشداریی کارگێران و بەرێوەبەرانی رادیۆ و بەشێک لە هاوڕێیانی تەلەویزیۆن و زۆربەی ئەندامانی دەفتەری سیاسیی بەڕێوەچوو، سەرەتا کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حدک وێڕای بەخێرهێنانی بەشداران لە سەر دەورو کاریگەریی رادیۆی دەنگی کوردستان لە خەباتی رزگاریخوازانەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان قسەی کرد.

کاک مستەفا مەولوودی لە بەشێک لە قسەکانیدا وێرای رێزگرتن لە دامەزرێنەرانی رادیۆ باسی لە گرینگیی ئەم رادیۆیە بەتایبەتی لە سەردەمی دامەزرانی دا کرد و ئاماژەی بەوە کرد کە حیزبی دێموکراتی کوردستان وخەباتی نەتەوایەتیی کوردستان بە دامەزراندنی رادیۆی دەنگی کوردستان توانی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە قاو بدا و لە بواری جۆراوجۆردا هەواڵ و زانیاری بە خەڵک بگەیەنێ.

بە دوای قسەکانی جێگری سکرتێری گشتیی حدک، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کەسایەتیی سیاسیی ناسراوی کوردستان، کە لە پشتیوانی و درێژەی کاری رادیۆ دا دەورێکی سەرەکی بووە، بەم بۆنەیەوە قسەی بۆ بەشداران کرد.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە سەرەتای قسەکانیدا یادی لە دامەزرێنەرانی رادیۆ لە سەرووی هەمووانەوە نەمر دوکتور قاسملوو کرد و ئاماژەی بەوە کرد کە دامەزرانی رادیۆ لەو هەلومەرجەدا بیرۆکەی ئەو بوو.

مامۆستا حەسەنزادە دواتر یادی لەو کەسانە کرد کە لە بەردەوامیی کاری رادیۆدا دەوری کاریگەریان هەبووە و هیوای ئەوەی خواست کە رادیۆ بتوانێ هەر وەک پێشوو خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێ و جێگەو پێگەی خۆی هەبێ.

لە برگەیەکی دیکەی رێورەسمەکەدا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە رێزنامەی دەفتەری سیاسیی پێشکەشی ژمارەیەک لە پرسونێلی ئێستای رادیۆی دەنگی کوردستان کرد.

پاشان کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی ناوەندی رادیو و تەلەویزیۆن وتەیەکی کورتی بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد. کەریمی لە وتەکانیدا ئاماژەی بە گرینگیی دەوری رادیۆ لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ٣٠ ساڵی رابردوودا کرد.

بەرێزیان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا رێزی لە هەوڵ و ماندووبوونی پێرسونێلی ئێستای رادیۆ گرت و هیوای خواست رادیۆ بتوانێ رۆژە گرینگەکانی خۆی وەدەست بێنێتەوە.

# پشتیوانیی لە پێشنیاری چالاکانی مەدەنیی نێوخۆ بۆ بەرز راگرتنی یادی شەهیدانی ١٩ی بانەمەڕ

لە بەرەبەری چلەی شەهیدانی ١٩ی بانەمەڕدا کۆمەلێک لە چالاکانی مەدەنیی نێوخۆی کوردستان، پێشنیاریان کرد بە مەبەستی بەرز راگرتنی یادی پێنج شەهیدی رۆژی ١٩ی بانەمەڕ، خەڵکی کوردستان، شەوی چوار شەممە لەسەر پێنج شەممە ٢٦ لەسەر ٢٧ی جۆزەردان، کاتژمێر ١٠ی شەو، لە چلەی ئەو شەهیدانە دا ٥ دەقیقە چراکان بکوژێننەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێناوی بەرز راگرتنی یادی ئەو شەهیدانە و زیندوو راگرتن و بەردەوامیی یەکگرتوویی و هاودەنگیی خەڵکی کوردستاندا، پشتیوانیی خۆی لە پێشنیاری ٥ دەقیقە خامۆشی لە چلەی شەهیدانی ١٩ی بانەمەڕ دا دەربڕی.

دەقی بانگەوازی پشتیوانیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پێشنیاری چالاکانی مەدەنیی نێوخۆ بۆ بەرز راگرتنی یادی شەهیدانی ١٩ی بانەمەڕ:

**پشتیوانی لە پێشنیاری چالاکانی مەدەنیی نێوخۆ بۆ بەرز راگرتنی یادی شەهیدانی ١٩ی بانەمەڕ دەکەین**

کۆمەلێک لە چالاکانی مەدەنیی نێوخۆی کوردستان، پێشنیاریان کردوە بە مەبەستی بەرز راگرتنی یادی پێنج شەهیدی رۆژی ١٩ی بانەمەڕ، خەڵکی کوردستان، شەوی چوار شەممە لەسەر پێنج شەممە ٢٦ لەسەر ٢٧ی جۆزەردان، کاتژمێر ١٠ی شەو، لە چلەی ئەو شەهیدانە دا ٥ دەقیقە چراکان بکوژێننەوە.

لە پێناوی بەرز راگرتنی یادی ئەو شەهیدانە و زیندوو راگرتن و بەردەوامیی یەکگرتوویی و هاودەنگیی خەڵکی کوردستانداو، وەک نارەزایەتی دەربرین لە درێژەی سیاسەتی سەرکوت، بەتایبەتی گرتن و ئیعدامی تێکوشەرانی سیاسی لە کۆماری ئیسلامیدا، پشتیوانی لە پێشنیاری ٥ دەقیقە خامۆشی لە چلەی شەهیدانی ١٩ی بانەمەڕ دا، دەکەین.

بۆ پێشەوە بەرەو بەڕێوەبردنی حەرەکەتێکی یەکگرتووانەی سەمبولیک و پڕمانا لە شەوی چوارشەممە لەسەر پێنج شەممە٢٦ لەسەر ٢٧ی جۆزەردان، کاتژمێر١٠ی شەو بە کاتی تاران

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**ناوەندی راگەیاندن**
**٢٣ی جۆزەردانی ١٣٨٩**
**١٣ی ژوئەنی ٢٠١٠-٠٦-١٣**

# بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەی لیبراڵ ئینتەرناشناڵ

لە سەر بانگهێشتنی رەسمیی لیبڕاڵ ئینتەرناشناڵ، هەیئەتێک لە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە پێک هاتبوو لە بەڕێزان مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کومیتەی بەڕێوەبەریی



دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سوڵتان گوڵاوی بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆمیتەی ئاڵمانی حیزب، لە رۆژەکانی یەکشەممە تا سێشەممە ٢١ هەتا ٢٣ ی جۆزەردان بەشداریی لە کۆبونەوەی لیبڕاڵ ئینتەرناشناڵ دا کرد کە پێکهاتووە لە ژمارەیەکی زۆر لە حیزبە دێموکڕات و لیبڕاڵەکان لە سەرانسەری دنیادا.

لەو کۆبوونەوە گرینگە دا کە زیاتر لە ١٠٠ حیزب هەر لە ئەمریکای لاتینەوە تا باشووری ئەفریقا بەشداریی تیدا کردبوو، لە سێ پانێلی جیاواز دا چەندین باسی گرنگ تاوتوێ کران لەوانە دارشتنی سیاسەت لە هەمبەر مەسەلەکانی ئابووری، سیاسی، ئەمنییەتی، مافی مرۆڤ، مافی نەتەوەکان، گەشەکردن، دێمۆکراسی، ئازادی و یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا. هەروەها باسی رۆڵی لیبراڵ ئینتەرناشناڵ کرا لە مەسەلەی یارمەتیدان بە جێگیربوونی دێموکڕاسی و ئازادی لە دنیادا و بۆ دیفاع لە رێکخراوو مرۆڤە ئازادیخوازەکان لە بەرامبەر رێژیمە دیکتاتۆر و سەرەرۆکان دا.

شایانی باسە لەو ٣ پانێلە دا زیاتر لە دە کەس پانێلیان گێڕا کە هەموویان کەسایەتیی زانستی و سیاسیی بە ناوبانگ و خاوەن نفووز بوون. جگە لەوەش هەموو بەشداران لە باسەکانی پانێلەکان دا بەشدار بوون. هەیئەتی حیزبیش لەو باسانە دا بەشدار بوو و سەرنجی وتاربێژان و بەشدارانی بۆ مەسەلەی گەلی کورد، پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان و ئێران دا لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە راکێشا.

هاوڕێ مستەفا شەڵماشی لە بەشێکی قسە و پرسیارەکانی دا ئیشارەی بەوە کرد کە هەر ئێستا هەزاران کەس لە کوردەکان و ئێرانییەکان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دا ئەشکەنجە دەکرێن و سزای درێژخایەنی زیندان و تەنانەت حوکمی ئیعدامیان بە سەر دا دەسەپێ. ئەو رایگەیاند کە ئێستاش زیاتر لە ٢٠ کەس لە چالاکانی کورد لە ژێر حوکمی ئیعدام دان و هەر مانگیک لەمەوبەر ٥ کەس لە سێدارە دران کە چواریان کوردبوون. پاشان پرسیاری کرد کە لیبڕاڵ ئینتەرناشنال چ هەنگاویک لە دژی ئەو کردەوە دژی ئینسانییانەی کۆماری ئیسلامی هەڵدێنێتەوە و لەم بارەوە چ بەرنامەیەکی هەیە. وروژاندنی ئەم پرسە لە لایەن بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسێکی تێروتەسەلی لە ناو بەشداران و لە پانێلەکەدا لێکەوتەوە. هەروەها هاوڕێ سولتان گوڵاوی باسی لە مەسەلەی کورد بە گشتی کرد و ڕایگەیاند کە دەبی ڕیگایەک بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوە بندەستەکان بە تایبەت گەلی کورد بدۆزرێتەوە. کوردەکان دابەش کراون لە هەموو مافێکی نەتەوەیی بێ بەشن. ئەوە سیاسەتێکی دروست نییە کە بۆ خاتری راگرتنی پەیوەندیی سیاسی لە نێو دەوڵەتەکان دا چاوپۆشی بکرێ لە مافی گەلێکی ئاوا گەورە. لە ئێران باشترین چارەسەری، دامەزراندنی سیستمێکی فیدڕاڵییە و ئەوەش یارمەتی دەکا بە زۆر مەسەلەی دیکەی وەک مافی مرۆڤ، دێموکڕاسی و ئازادی.

شایانی باسە لە میانەی ئەو کۆبوونەوەیە دا هەیئەتی حیزب چاوی بە زیاتر لە ٢٠ هەیئەت و کەسایەتیی گرنگی حیزبە دیموکڕات و لیبراڵەکانی دنیا کەوت، کە لەم راپۆرتەدا بە کورتی ئیشارە بە گرنگترینی ئەو دیدارانە دەکەین:

١- دیدار لە گە ڵ هانس فان باڵن، سەرۆکی لیبڕاڵ ئینتەر ناسیۆناڵ.

٢ - دیدار لە گەڵ مایکڵ جۆرج لینک، سەرۆکی بەشی سیاسەتی نێو نەتەوەیی لە پاڕلەمانی ئاڵمانی فیدڕاڵ دا لە سەر لیستی حیزبی لیبڕاڵی ئاڵمان.

٣- دیدار لەگەڵ خانمی ماریکییە سخاکە، ئەندامی پاڕلەمانی ئوروپا لە سەر لیستی حیزبی لیبڕاڵی هولەند و بەرپرس بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر وەزعی ئێران بە گشتی لە پاڕلەمانی ئوروپادا.

٤ . دیدار لە گەڵ دیرک هازڵ، سکرتێری گرووپی لیبڕاڵ ئینتەرناشناڵی بەریتانیا.

٥ - دیدار لە گەڵ دوکتور کاچا پێتەرەیت، لیبڕالی بە ناوبانگ و بەرپرسی دەفتەری ئاڵمان بۆ بەڕیوەبەری و هاوکاری لە بواری فێرکردن و بارهێنانی نێونەتەوەییدا.

٦ - دیدار لە گەڵ دوکتور مامادۆ لامین، پرێزیدێنتی گرووپی ئەفریقایی لیبڕاڵ ئینتەر ناشناڵ.

پێویستە بگوترێ لە هەموو ئەو دیدارانەدا باسێکی تێرو تەسەل لە هەل و مەرجی کوردستان و ئێران بە گشتی و ڕێکارەکانی یارمەتیدان بە خەباتی دێموکڕاسیخوازی و ئازادیخوازی لە کوردستان و ئێران دا کرا. هەروەها باسی ئەولەوییەتی هەوڵدان بۆ رزگارکردنی گیانی زیندانیانی کورد و ئێرانی کرا کە لە سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامی دا لە ژێر فشار و ئەشکەنجەدان.

## بەیاننامە:

# ساڵێک دوای هەڵبژاردنی دەیەمین دەورەی سەرکۆماری

**خەڵکی خەباتگێری کوردستان!**
**هاونیشتمانانی تینووی ئازادی!**
**ئۆگرانی رزگاریی ئێران لە دیکتاتۆری و ستەم!**

ساڵێک لەمەوبەر دوای زیاتر لە مانگێک بانگەشەو باسی سیاسیی زیندوو و بە دوای چەند حەوتوو ململانیی هەڵبژاردن لە نێوان کاندیداکانی سەرکۆماری و لایەنگرەکانیان دا رۆژی ٢٢ی جۆزەردان، دەنگدەرانی ئێران چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان تا دەنگ بە یەکێک لە چوار کاندیدای سەرکۆماری بدەن.

پێویستیی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە بەشدارییەکی گەرموگوڕ و هەرچی بەرفرەوانتری خەڵک لە هەڵبژاردنێکی موهەندیسیکراودا، بۆ ئەوەی لە ململانێ نێوخۆیی و دەرەکییەکاندا لافی مەشروعییەتی پێوە لێ بدا لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە، هاتنە گۆڕی بەشێک لە داخوازە سیاسی، نەتەوەیی، فەرهەنگی، ئابووری و گشتییەکانی خەڵک لە بەرنامەی دوو کاندیدای ریفۆرمخواز میهدی کەڕووبی و میرحوسێن مووسەوی دا، بووە هۆی ئەوە هەڵبژاردنی دەورەی دەیەم لە کەشوهەوایەکی سیاسیی جیاواز لە دەورەکانی پێشوو دا بەڕێوە بچێ. حیزبی دیموکراتی کوردستان بە خوێندنەوەیەکی نوێی هەڵومەرجی نێوخۆیی ئێران، سیاسەتێکی جیاواز لە دەورەکانی پێشووی گرتەبەرو لە جیاتی تەحریمی هەڵبژاردن، داوای لە خەڵکی کوردستان کرد ئەم هەلە بە قازانجی پرسی نەتەویی خۆیان و بۆ هێنانەگۆڕی داخوازەکانیان بقۆزنەوە و دەنگی خۆیان بۆ تێکشکاندنی کاندیدای بەرەی دیکتاتۆری وسەرەڕۆیی بە رێبەریی سوپا و خامنەیی و بۆ سەرخستنی ویستی گۆڕان و بەرەوپێش بردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی بە کار بێنن.

وەک دیتمان لە سەرانسەری ئێران دا خەڵک بەشێوەیەکی بەرین لە هەڵبژاردندا بەشداربوون و لە کوردستانیش هەڵوێستی شوێندانان لەسەر رووداوەکان بە قازانجی پرسی نەتەوەیی و بزووتنەوەی ئازادیخوازی و پاشەکشە بە دیکتاتۆری، لە نێو تێکۆشەرانی سیاسی و فەرهەنگی و چالاکانی مەدەنیی نێوخۆو رێژەیەکی زۆری خەڵک دا بە مەعقوول و دروست زانرا و پێشوازیی لێکرا. لە ئاکامدا، کورد لە ئێران جارێکی دیکە هاتەوە نێو معادلاتی سیاسی و سەرنجی کاندیداکان و لایەنە سیاسییە سەرانسەرییەکانی ئێران و زۆر لە میدیاکان و ناوەندە سیاسییەکانی جیهانی بۆ لای خۆی راکێشا.

ئێستا کە دوای ساڵێک، بە بەرچاوڕوونییەوە ئاوڕ لە رووداوەکانی یەک ساڵی رابردوو دەدەینەوە دەتوانین بڵێین جڵەوبەدەستانی نیزام، بەر لەوەی خەڵک لە رۆژی ٢٢ی جۆزەردان دا بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان، حیسێبیان هاتبووە دەست و پێش بینیی شکستی سەرشۆڕانەی کاندیدای دڵخوازی خۆیان دەکرد. هەر بۆیە هەموو ئامادەکارییەکی پێویستیان بە مەبەستی ساختەکاری بە قازانجی ئەحمەدینەژاد کردبوو. بەڵام بەو هەمووە ساختەکارییانەشەوە باشاری دەنگە زۆرەکانی خەڵک بەکاندیدا ریفۆرمخوازەکان بە تایبەتی میرحوسێن مووسەوییان نەکرد. لە ئاکامدا پەنایان بۆ کودەتا لە دژی دەنگەکانی خەڵک برد. ئەوان ئاکامی دەنگدانی خەڵکیان بێ سەرنجدان بە راستییەکان و بەوجۆرەی بۆ خۆیان دیارییان کردبوو بە خەڵک راگەیاند. بۆ پێشگیری لە تەقینەوەی نارەزایەتیی دەنگدەران و سەپاندنی قسەی خۆشیان، بەر لە راگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردن، حکوومەتی نیزامییان پێک هێنا و هەرچەشنە کۆبوونەوە و هاتنە سەرشەقامێکیان لە خەڵک قەدەغە کرد.

راگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن و سەپاندنەوەی ئەحمەدینەژاد وەک سەرکۆمار بەسەر خەڵکی ئێران لە ٢٣ی جۆزەردان دا، ئەگەر بۆ خامەنەیی و سوپای پاسداران، بڕگەی کۆتایی ئەم هەڵبژاردنە بوو، بۆ خەڵکی ئێران سەرەتای بزووتنەوەیەکی تازە لە دژی دیکتاتوریی کۆماری ئیسلامی بوو. ئەم بزووتنەوەیە، بە نارەزایەتیدەربڕین لە ساختەکاری و دەسکاریی دەنگەکان دەستی پێ کرد، بەڵام بەو هۆیەوە کە زۆر زوو دەرکەوت لە پشت ئەم ساختەکارییانە و بێڕێزی بە دەنگەکانی خەڵک و پیلانگێڕی و سەرکوت بە مەبەستی پێشگیری لە هەرچەشنە گۆڕانێک بە قازانجی خواستی خەڵک، شەخسی خامەنەیی رێبەری نیزام راوەستاوە، دروشمی «دەنگەکانمان کوا؟» جێی خۆی دا بە «مەرگ بۆ دیکتاتۆر».

بزووتنەوەی نارەزایەتی لە ئاکامە راگەیەندراوەکانی هەڵبژاردن، بە زوویی بوو بە بەستێنێک بۆ ئەوەی زۆرترین نارازی لە سێ دەیە دیکتاتۆری و ستەم وجیاوازیدانان لە خۆی دا کۆ بکاتەوە و بە دژی دەسەڵاتدارانێک کە ئەمرۆ نوێنەرایەتیی رێژیمی کۆماری ئیسلامی دەکەن، بیانهێنێتە سەر شەقامەکان. ئەو بزووتنەوەیە، چەند جار توانی سەرەرای هەموو هەرەشەو هێرشەکان، لە شاری تاران وشارەگەورەکانی دیکە بە میلیۆنان خەڵک بێنێتە سەر شەقام و، مەشروعییەتی خامەنەیی وەک رێبەری نیزام، ئەحمەدینەژاد وەک سەرکۆمار و ناوەند و دامەزراوەکانی ئەو رێژیمە رەت بکاتەوە و، نەک هەر خەڵک و دەسەڵاتی لە بەرامبەر یەکتردا راگرتوە، بەڵکوو درزێکی گەورەشی خستۆتە ریزی کەسایەتی و سیما دیارەکانی دوێنێ و ئەمڕۆی رێژیمی کۆماری ئیسلامی. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین لە یەکساڵی رابردوودا، گەورەترین کۆسپ لە سەر رێی دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامی، بزووتنەوەی دوای ٢٢ی جۆزەردان بووە و ململانیی خەڵک و دەسەڵات لە چوارچێوەی ئەم بزووتنەویەدا، رەوتی رووداوەکانی دیاری کردوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، ساڵێک دوای بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی دەیەمین دەورەی سەرکۆماری، ئاوڕدانەوە و پێداگرتنەوە لە سەر هێندێک لە هەڵوێست و بۆچوونەکانی خۆی بە پێویست دەزانێ:

١. هەڵوێستی هاندانی خەڵک بۆ بەشداری لە هەڵبژاردندا و کەلکوەرگرتن لە دەرفەتێکی ئەوتۆ بۆ ململانێ لەگەڵ بریاڕبەدەستانی سەرەکیی رێژیم و هێنانە گۆڕو بەرەوپێشبردنی داخوازەکانی خۆیان لە کوردستان و سەرانسەری ئێران لە جێی خۆی دا بوو. بە دڵنیاییەوە ئەگەر خەڵک بەرامبەر بەو هەڵبژاردنە بێ تەفاوەت بووایەن، نەشیاندەتوانی بە دژی ئاکامەکانی بێنە سەر شەقام و لەم یەکساڵەدا شایەدی ئەم بزووتنەوە گەورەیە و ئەم قۆناغە نوێیە لە ململانیی خەڵکی ئێران و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نەدەبووین.

٢. بەشداریی وشیارانەی خەڵکی ئێران لە هەڵبژاردنی ٢٢ی جۆزەرداندا و هەڵوێستگرتنیان بەرامبەر ساختەکاری و کودەتای سوپا- خامەنەیی دژ بە دەنگەکانی ئەوان دەریخست لەوە وشیارترن کە رێگا بدەن وەک ئامرازێک بۆ مەشروعییەت دانەوەیەکی رواڵەتی بەم نیزامە بەکار بهێنرێن. ئەوان سەلماندیان سەرەڕای ئازادنەبوون و نادێموکراتیک بوونی هەڵبژاردن لە ئێراندا، بە وشیاری و زیرەکیی خۆیان، لە هەموو دەرفەتێک بۆ پێکهێنانی گۆڕان لە حەددی ئیمکاندا و تێکدانی هاوسەنگیی دەسەڵات بە قازانجی ئازادی و دێموکراسی و بەربەرەکانی لەگەڵ ستەم و دیکتاتۆری کەڵک وەردەگرن و ئەگەر ئەم رێگایەشیان لێ پووچەڵ بکرێتەوە، بێدەنگ نابن.

٣. هەم بەر لە وەرێکەوتنی بزووتنەوەیەک کە بە بزووتنەوەی سەوز ناوی دەرکردوە، هەم دوای ئەو بزووتنەوەیە، جووڵانەوەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی جۆراوجۆر لە ئێراندا هەبوون کە لە وشیارکردنەوەی خەڵک و بەربەرەکانیی ئەوان بە دژی تەواوەتیی رێژیم یا بەشێک لە یاساو سیاسەتەکان وپێکهاتەکەی دا رۆڵیان هەبووە. بزووتنەوەی سەوزیش ئەگەرچی هەم لە باری تەرکیبی بەشداران و لایەنگرانییەوە، هەم لە باری دروشم و ویست وداخوازەکانییەوە بەربڵاو، فرەچەشن و رەنگاوڕەنگە ، نەک سەرجەم بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێران، بەڵکوو بەشێک لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێرانە و نێوەرۆکێکی دێموکراتیک و پێشکەوتنخوازانەی هەیە.

٤. خەڵکی کوردستان خاوەنی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و دێموکراتیکی لەمێژ ساڵەن کە تێکۆشانی چەندین حیزب و رێکخراوی سیاسی و خەباتی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناوی مافە نەتەوەییەکانی خۆیانی گرتۆتە خۆ. حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک بەشێکی سەرەکی لەم بزووتنەوەیە، هەر ئاڵوگۆڕێک لە ئاستی ئێراندا و بەرێکەوتنی هەر بزووتنەوەیەک لە بەشەکانی دیکەی وڵات کە دژایەتیی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی بکا و ئامانجی هێنانەگۆڕو هێنانەدیی داخوازە ئینسانی و دێموکراتیکەکانی هاونیشتمانان بێ، ئەگەرچی ئەم داخوازانە رادیکاڵیش نەبن ، وەک سەرەتایەک بۆ گۆڕان بە گرنگ دادەنێ. پشتیوانیی حیزبی ئێمە لە بزووتنەوەی سەوزو هەوڵدانمان بۆ راکێشانی سەرنجی ئەم بزووتنەوەیە بۆ لای پرسی کوردو نەتەوە بندەستەکانی ئێران و رەنگدانەوەی داخوازەکانی کورد لە دروشم و ئەدەبیاتی بزووتنەوەی سەوزدا، لەم چوارچێوەیە دایە.

٥. خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی یەکساڵی رابردوودا، نە لە خەبات بۆ داخوازە نەتەوەییەکانی خۆیان و دەنگ هەڵبڕین دژی ستەم و سەرکوت و جیاوازیدانانی کۆماری ئیسلامی غافڵ بوون، نە بەرامبەر بزووتنەوەی دوای ٢٢ی جۆزەردان و سەرکوتی خەڵکی نارازی، بێ تەفاوەت بوون. ئەوان نیشانیان داوە کە بەشکست و پاشەکشەی رێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی و گەشەکردن و پێشرەویی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە بەشەکانی دیکەی ئێران خۆشحاڵ و هیوادارن و لە پێچەوانەکەشی بەداخن. بەڵام خاڵی گرنگ لەو پێوەندییەدا کە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کوردستان هەلومەرج، مەنتیق و لێکدانەوەی خۆی هەیە. بەتەنیا مانەوەی دەیان ساڵە لە بەرامبەر شەڕو سەرکوتی کۆماری ئیسلامیداو بێ تەفاوەتی و بەدەنگەوە نەهاتنی هاونیشتمانان لە ئاست سەرکوتی گەلی کوردو، کەمڕەنگ بوونی پرسی کوردو نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران لە ئاخاوتن، نووسین و هەڵوێستی سیماکان و رەوتەکانی بەشداری بزووتنەوەی سەوزدا، وایان کردوە خەڵکی کوردستان دووربینانەو بە پارێزەوە بەرەورووی رووداوەکان ببنەوەو بەشداری و پشتیوانی لەم بزووتنەوەیە، بە دوورکەوتنەوەی زیاتری بزووتنەوەی سەوز لە ئێستاو رابردووی کۆماری ئیسلامی، قانوونی ئەساسییەکەی و خودی سیستەمەکە و گۆڕینی روانگەی بەرامبەر بزووتنەوەی کوردستان و پرسی نەتەوەیی، ببەستنەوە.

٦. بزووتنەوەی نارەزایەتیی دوای ٢٢ی جۆزەردان، دوای یەکساڵ خۆڕاگری لە بەرامبەر سەرکوتی هەموو لایەنە، هەروا بەردەوامە. بەڕێوەبەرانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای پەنابردن بۆ کوشتاری بێ بەزەییانەی خۆپێشاندەران لە سەر شەقامەکان، رێکخستنی پەلاماری نیزامی بۆ سەر خوێندکاران لە نێو زانستگەکاندا، ئەنجامدانی تاوانی شەرماوی لە گرتووخانەکان دژی گیراوان، ئیعترافوەرگرتنی زۆرەملی و دادگایی کردنی رواڵەتی و بەکۆمەڵی کەسایەتییە ریفۆرمخوازەکان و ئێعدامی بەندییە سیاسییەکان و شانبەشانی ئەمانەش دەرکردنی هەواڵنووسان، داخستنی رۆژنامەکان، پارازیت ناردن بۆ سەر تەلەڤیزیۆنە کانی ئۆپۆزیسیۆن، پەکخستن و کۆنترۆڵی ئینتێرنێت و سیستەمی SMS لە کاتی پێویستدا، نەیانتوانیوە کۆتایی بە نارەزایەتی دەربڕین و بەربەرەکانیی خەڵک بێنن. تەنیا سەرکەوتنێک کە ئەو رێژیمە بە دەستی هێناوە ئەوەیە کە بە شێوەیەکی کاتی کۆنترۆڵی شەقامەکانی کردوە بۆ ئەوەی لە بۆنەکاندا جارێکی دیکە رووداوەکانی رۆژی قودس، ١٦ی سەرماوەزو عاشوورا دووپات نەبنەوەو بێزراوی و بێ پێگەیی کۆماری ئیسلامی لە نێو خەڵک دا دووپات نەبنەوە.



ل ٤

# پەیامی دەفتەری سیاسی
## بە بۆنەی ٣٠ ساڵەی
## دامەزرانی رادیۆی دەنگی کوردستانەوە

خەڵکی خەباتگێری کوردستان!
گوێگرانی بە ئەمەگی رادیۆی دەنگی کوردستان!
هەڤاڵانی تێکۆشەر لە رادیۆی دەنگی کوردستان!

ئەمرۆ ٢٧ی جۆزەردان، رادیۆی دەنگی کوردستان، سی ساڵ لە تەمەنی خۆی تێپەر دەکا. ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٥٩ رێبەرایەتیی ئەو کاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هەست کردن بە پێویستییەکی بنەرەتی و هەڵسەنگاندنێکی دروست و واقعبینانە رادیۆی دەنگی کوردستانی بنیات نا.

رادیۆی دەنگی کوردستان لە کاتێکدا وەک ئامرازێکی راگەیاندن کاری خۆی دەست پێکرد کە رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو دەگەڵ ئەوە کە وردە وردە لە بەشەکانی دیکەی ئێران خەریکی قایم کردنی پایەکانی دەسەڵاتی خۆی بوو، لە کوردستان دا شەرێکی هەمە لایەنە و نابەرامبەری بە دژی خەڵکی ئەو بەشە لە ئێران دەست پێکرد بوو.

رادیۆی دەنگی کوردستان لە کاتێکدا هاتە گۆرەپانی خەبات بە دژی چەوسانەوەو سەرەرۆیی کە رێژیمی تاران هەموو رێگایەکی لە ئازادیخوازانی گەلی کورد بەستبوو هەتا نەهێڵێ دەنگی ئەوان بە گوێی گەلانی دیکەی ولاتەکەمان بگا.

رادیۆی دەنگی کوردستان لە کاتێکدا بلاو کردنەوەی بەرنامەکانی دەست پێکرد کە رێبەرایەتیی جووڵانەوەی کوردستان پێویستیی یەکدەنگیء هاوخەباتیی گەلی کورد و بەگشتی هەموو گەلانی ئێران بە دژی رێژیمێک کە بەکەڵکوەرگرتن لە رق و بێزاریی خەڵک لە رێژیمی پێشووو هەروەها هەستی ئایینی ئەوان دەیهەویست بناغەکانی رێژیمێکی سەرەرۆ دامەزرێنێ، لە هەموو کاتێک باشتر هەست پێدەکرد.

رادیۆی دەنگی کوردستان هەر چەند لە سەرەتا دا بە هێندێک ئامرازی بچووک و سەرەتایی دەستی بە کار کرد. بەڵام بە هۆی پێداگری و بەردەوامیی رێبەرایەتیی ئەو کاتی حیزبی دیموکرات و لە سەرووی هەموانەوە دوو رێبەری شەهیدمان دوکتور قاسملووو دوکتور شەرەفکەندی، زۆر زوو توانی لە باری تێکنیکی و پێرسونێلەوە خۆی بە هێز بکاو جێگای شیاوی خۆی لە نێو جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد وەدەست بێنێ.

رادیۆی دەنگی کوردستان بە هۆی هێندێک تایبەتمەندی وەک گواستنەوەی راست و دروستی هەواڵ و راپۆرتەکانی پێوەندیدار بە خەباتی خوێناویی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بەردەوامی لە کارو تێکۆشان، پاراو و خاوێن بوونی زمان و ئەدەبیاتەکەی، پێوەندیی بەردەوام دەگەڵ خەڵکی کوردستان بە تایبەتی گوێگرە بە ئەمەگەکانی و زۆر تایبەتمەندیی دیکە، توانی تا ساڵانێکی زۆر جێگاو شوێنێکی تایبەتی لە نێو دڵی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی ئۆگرانی دا هەبێ. هەر ئەم تایبەتمەندییانە ببوونە هۆی ئەوە کە رادیۆی دەنگی کوردستان جێگای باوەری دۆستء دوژمن بێ.

هەر بەم هۆیەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان و لەوەش گرنگتر خەڵکی کوردستان بە حەق بە چاوی رێز و پێزانینەوە دەروانننە خەبات و تێکۆشانی رادیۆی دەنگی کوردستان لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا.

ئەمرۆ بە هۆی پێشکەوتنی خێرای ئامرازەکانی راگەیاندن، زۆر ئامرازی دیکەی وەک تەلەویزیۆن و ئینتێرنێت لە بواری راگەیاندنەوە مەیدانداری دەکەن. بەڵام هەمووی ئەوانە لە گرینگیی رادیۆ کەم ناکاتەوە، چونکە رادیۆی ئامرازێکە کە بە هۆی سووکی و لەبەردەست دابوون، هەموو کاتێک بۆ کەڵکوەرگرتن دەبێ. هەر بۆیە حیزبی دیموکراتی کوردستان وێرای هەوڵدان بۆ کەڵک وەرگرتن لە هەموو ئامرازەکانی راگەیاندن، تێدەکۆشێ بە موتاڵا و هەڵسەنگاندنی کارناسانە لە رادیۆی دەنگی کوردستانیش وەک ئامرازێکی گرینگی راگەیاندن، بۆ بەرەو پێش بردنی خەباتی حەقخوازانەی گەلی کوردو هەموو گەلانی ئێران بە دژی رێژیمی توتالیتێرو سەرەرۆی کۆماری ئیسلامی کەڵک وەرگرێ.

ئەو پێویستییە لە کاتێکدا زیاتر خۆی دەنوێنێ کە ئەوەمان لەبەر چاو بێ ئێستا جووڵانەوەیەکی بەرین و هەمە لایەنە بە دوای ئاکامەکانی هەڵبژاردنی ٢٢ی جۆزەردانی ساڵی ٨٨وە لەسەرانسەری ئێران و یەک لەوان کوردستان دەستی پێ کردوە و رێژیم هەوڵ دەدا بە کەڵک وەرگرتن لە هەر کردەوەیەکی نامرۆڤانە وەک گرتن و زیندانی کردن و ئێعدامی نارازییان، داخستنی رۆژنامەو گۆڤار و سایت و وێبلاگەکان، برینی تۆری ئینتێرنێت و خەتی تەلەفوون و پارازیت خستنە سەر شەپۆلی تەلەویزیۆنە ماهوارەیی یەکان، نەهێڵێ دەنگی حەقخوازی و ئازادیخوازی خەڵکی کوردستان بلاو ببێتەوە.

لە کۆتایی دا بە بۆنەی تێپەر بوونی سی ساڵ بەسەر کارو تێکۆشانی رادیۆی دەنگی کوردستان سلاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی دوو رێبەری شەهیدمان دوکتور قاسملووودوکتور شەرەفکەندی کە لە دامەزران و بەردەوامیی کاری ئەو رادیۆیە دا رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو.

هەروەها سلاو دەنێرین بۆ رەوانی پاکی دوو کەس لە بەرپرسانی ئەو رادیۆیە: نەمران کاک تەها عەتیقی و کاک عوسمان رەحیمی کە هەر کامیان لە قۆناغێکی کارو تێکوشانی رادیۆ دا بەر پرسایەتیی ئەو ئۆرگانەیان بە دەستەوە بووەو بەشێک لە بەردەوامی و رێک و پێکیی کاری ئەو رادیۆیە دەگەرێتەوە سەر هەوڵ و ماندوویی ئەو دوو تێکوشەرە کە بەداخەوە ئێستا لە نێومان دا نەماون.

لەو دەرفەتە کەڵک وەردەگرین هەتا سپاس و پێزانینی خۆمان پێشکەشی هەموو ئەو کەسانە بکەین کە لە ماوەی سی ساڵی رابردوو دا لە بەشە جۆراوجۆرەکانی رادیۆی دەنگی کوردستان دا خەریکی کارو تێکۆشان بوون.

هەروەها دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە چاوی رێزەوە دەروانێتە کارو تێکوشانی ئەو هاورێیانەی کە ئێستا ماندوو نەناسانە لەو ئۆرگانەدا خەریکی کارو تێکوشانن، ماندوو نەبوونیان لێدەکەین و دەستیان دەکوشین و سەرکەوتن و پێشکەوتنی هەرچی زیاتریان بۆ بە ئاوات دەخوازین. دەگەڵ ئەوەشدا چاوەروانیی ئەوەی هەیە کە ئەو هاورێیانە بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی چەندین ساڵەیان بۆ هەرچی پرنێوەرۆک کردن و باشتر کردنی بەرنامە کانی رادیۆی دەنگی کوردستان تێبکۆشن.

بە هیوای درەوشانەوەی دووبارەی رادیۆ دەنگی کوردستان لە قۆناغەکانی داهاتووی خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و گەلی کورد دا.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٧ی جۆزەردانی ١٣٨٩ی هەتاوی**
**١٧ی ژوئەنی ٢٠١٠**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان وێرای هەوڵدان بۆ کەڵک وەرگرتن لە هەموو ئامرازەکانی راگەیاندن، تێدەکۆشێ بە موتاڵا و هەڵسەنگاندنی کارناسانە لە رادیۆی دەنگی کوردستانیش وەک ئامرازێکی گرینگی راگەیاندن، بۆ بەرەو پێش بردنی خەباتی حەقخوازانەی گەلی کوردو هەموو گەلانی ئێران بە دژی رێژیمی توتالیتێرو سەرەرۆی کۆماری ئیسلامی کەڵک وەرگرێ**

---

**درێژەی بەیاننامە:**

# ساڵێک دوای هەڵبژاردنی دەیەمین دەورەی سەرکۆماری

**خەڵکی خەباتگێری کوردستان!**
**هاونیشتمانانی ئازادیخواز!**
**هێزو لایەن و کەسایەتییە دێموکراتیک و نیشتمانپەروەرەکان لە نێوخۆو دەرەوەی ولات!**

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی تێپەربوونی ساڵێک بە سەر خەبات و خۆراگریی پر لە قوربانیدانی هاونیشتمانان دژی دەسەڵاتدارانی کودەتاچیی کۆماری ئیسلامی، سلاو بۆ گیانی تێکرای شەهیدان و قوربانییەکانی مەیدانی بەربەرەکانی لەگەڵ دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی دەنێرێ و ئازادیی هەموو گیراوەکانی پێوەندیدار بە رووداوەکانی یەکساڵی رابردوو، هەروەها سەرجەم بەندییە سیاسییەکان داوا دەکا.

ئەزموونی یەکساڵی رابردوو پێمان دەڵێ کۆماری ئیسلامی بە زۆری چەک و سەرکوت و بە یارمەتیی بەندیخانە و زنجیرو کوشتن خۆی راگرتوە. بەو حاڵەش خەڵکی ئێران هەر کە دەرفەتێکیان بۆ خۆنواندن و هاتنە شەقام بۆ هەڵ دەکەوێ، نیشانی دەدەنەوە کە هەروا لە مەیداندان و لە سەر کۆتایی هێنان بە دیکتاتۆری لە ولاتەکەیاندا، شێلگیرن. بەڵام بەردەوامی و لەمەش زیاتر سەرکەوتنی بزووتنەوەی دوای ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٨٨، پێویستی بەوە هەیە لە لایەکەوە لە بازنەی تاران و چەند شاری گەورە بێتە دەر، لە لایەکی دیکەشەوە بوون و خۆدەرخستنی خۆی لە هاتنە سەر شەقامدا بەرتەسک نەکاتەوە و مێتۆد و شێوەکانی دیکەی خەبات و بەربەرەکانی، بۆ وێنە مانگرتنی گشتی کە خەڵکی کوردستان تێی دا سەرکەوتوو و سەربەرز بوون، بەکار بێنێ. شانبەشانی ئەمانەش، هاوکاری و هاوخەباتیی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان و سەرجەم ئێرانییەکانی دانیشتووی دەرەوەی ولات بە مەبەستی لەقاودانی تاوانەکانی رێژیم و راکێشانی هاوپێوەندی و پشتیوانیی دنیای دەرەوە بۆ لای ئەم بزووتنەوەیە و خەبات و خۆراگریی خەڵکی ئێران پێویستە. بەڵام ئەو مەرجانە کاتێک دێنە دی کە کەسایەتییەکان و رەوتە شوێندانەرەکانی بزووتنەوەی سەوز لە رێگای سنووربەندیی هەرچی زیاتر لەگەڵ یاسای بنەرەتیی کۆماری ئیسلامی و سیستەمی ویلایەتی فەقیە و رۆیشتن بەرەو نێوەرۆکێکی دێموکراتیک و بایەخدان بە مافی گەلانی ئێران بەتایبەتی گەلی کورد، بۆ گشتگیرکردنی بزووتنەوە، تێ بکۆشن.

ئێمە لەحاڵێکدا هاودەردیی بەرینی ئەم دووایانەی هاونیشتمانان بە تایبەتی لە دەرەوەی ولات لە گەڵ گەلی کورد بە بۆنەی لە سێدارەدرانی رۆڵەکانی بە سەرەتایەکی جێی دڵخۆشی لە هاوپێوەندیی دوو لایەنە دەزانین، لە دەسپێکی دووهەمین ساڵ لە قۆناغی نوێی خەباتی خەڵکی ئێراندا، هەوڵدان بۆ دروستکردنی هاوپێوەندی و هاوخەباتی لە ئاستی کوردستان و ئێران و لە ئاستی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و ئێراندا بە مەبەستی تین و گوربەخشین بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی و کۆتایی هێنان بە تەمەنی دیکتاتۆری و سەرەرۆیی لە ولاتەکەماندا بە ئەرکی خۆمان دەزانین.

**سەرکەوتنی بزووتنەوەی دوای ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٨٨، پێویستی بەوە هەیە لە لایەکەوە لە بازنەی تاران و چەند شاری گەورە بێتە دەر، لە لایەکی دیکەشەوە بوون و خۆدەرخستنی خۆی لە هاتنە سەر شەقامدا بەرتەسک نەکاتەوە و مێتۆد و شێوەکانی دیکەی خەبات و بەربەرەکانی، بۆ وێنە مانگرتنی گشتی کە خەڵکی کوردستان تێی دا سەرکەوتوو و سەربەرز بوون، بەکار بێنێ**

## بەڕێوەچوونی زنجیرەیەک کۆنفرانس لە بنکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

# سەبارەت بە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستان

ناوەندی هەواڵی کومیتەی دەرەوەی وڵات: بە ئیبتکاری «ناوەندی بای باشوور بۆ گەشەکردن» کە ڕێکخراوێکی غەیرە دەوڵەتیی ئوتریشی‌یە و بە هاوکاری و هاوفکریی «ئالیانسی چلچرا» ، لە ڕۆژەکانی ٧ تا ١٠ ی ژوئەنی ٢٠١٠، زنجیرەیەک کۆنفڕانس لەبارەی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران لە تالاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ بەڕێوە چوو.

ئەو کۆنفڕانسانە کە لە ژێر ناوی «هەڵمەتی لەقاودانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە» ڕێک خرابوون و لەلایەن ئاغای «هێلمۆت ئانتۆن پرانتنێر» مامۆستای مافی نێونەتەوەیی لە زانکۆی ڤییەنەوە سەرۆکایەتی دەکران، بۆ گفتگۆ لەسەر چوار تەوەری پێوەندیدار تەرخان کرابوون کە هەرکام لەم تەوەرانە لە یەکێک لە ڕۆژەکانی کۆنفڕانس‌دا لەلایەن کارناسان و چالاکانی بواری مافی مرۆڤ لە ئێرانەوە خرانە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

کۆنفڕانسی ڕۆژی یەکەم ٧ ی ژووئەن کە لە سەعات ١ تا ٣ ی دوانیوەڕۆ بەڕێوە چوو بۆ باس لەسەر « ماف و ئازادییەکانی ژنان لە ئێران‌دا» بەڕێوە چوو. لەسەرەتادا ئاغای «هێلمۆت پرانتنێر» وێڕای شیکردنەوەی مەبەست و نێوەرۆکی ئەو زنجیرە کۆنفڕانسە کە هاوکات بوو لەگەڵ کۆبوونەوەی شووڕای مافی مرۆڤ لەسەر کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە بواری مافی مرۆڤ‌دا، تەوەرەکانی ئەم کۆنفڕانسانە و وتاربێژانی کۆنفڕانسەکانی ناساند. ئینجا خانمی شۆعلە زەمینی چالاکی بواری مافی ژنان باسێکی لەبارەی یاساکانی کۆماری ئیسلامی وەک ئامرازی نەهادینەکردنی جیاوازیدانان و توند و تیژی بەدژی ژنانی ئێران پێشکەش کرد. پاشان خانمی مەحبووبە عەباس قولی زادە یەکێک لە سیماکانی بزوتنەوەی ژنان لە نێوخۆی ئێران کە پاش مەحکوومکرانی بە سێ ساڵ زیندان و سی زەربە شەللاق ئێرانی بەجێ هێشتووە، باسێکی لەبارەی کەمپەینی یەک میلیۆن ئیمزا، ئامانج و دەسکەوتەکانی ئەم کەمپەینە و دژکردەوەی توندی ڕێژیم بەرامبەر بە چالاکانی کەمپەینەکە پێشکەش کرد.

کۆنفڕانسی ڕۆژی دووهەم ٨ ی ژوئەن، لە سەعات ٣ تا ٥ی پاش نیوەڕۆ و لەژێر سەردێڕی «تێرۆر، شکەنجە



و ئێعدام لە ئێران» بەڕێوە چوو. لێرەدا سەرەتا خانمی سوودە راد خوێندکاری دوکتوڕا لە زانکۆی پاریس لە باسەکەیدا زەمینەکانی شکڵگرتن و پەرە ئەستاندنی توند وتیژیی حکوومەتی لە سیستمی کۆماری ئیسلامیی‌دا شی کردەوە. ئینجا دوکتور ڕەزا سەبووری ئەزموونی سەردانی خۆی لەو پەنابەرە سیاسییە ئێرانی‌یانەی لە تورکیەن و پێشتر لەلایەن ڕێژیمەوە شکەنجە کراون گێڕایەوە. پاشان بەڕێز ئیبراهیم مەهتەری بە شایەتی دانی خۆی لەپێوەندی لەگەڵ ئەزموونی تاڵی تەجاوز لە زیندان‌دا بەشدارانی نوقمی هاودەردی لەگەڵ قوربانیانی بەربەریسمی کۆماری ئیسلامی و ڕق و بێزاری لەو ڕێژیمە کرد.

سێهەمین ڕۆژی زنجیرە کۆنفڕانسەکانی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران بۆ باسی «وەزعییەتی گرووپە ئێتنیکی و کەمایەتییە ئایینی‌یەکانی ئێران» تەرخان کرابوو. لە سەرەتای کۆنفڕانسدا، ئاسۆی حەسەن زادە لەلایەن ڕێکخراوی «چلچرا»وە بەخێرهاتنی بەشدارانی کرد و ئامانج و نێوەرۆکی هاوکاری و هاوبەشیی خۆی و هاوڕێیانی لە بەڕێوە بردنی ئەو زنجیرە کۆنفڕانسەدا ڕوون کردەوە. ئاسۆی حەسەن زادە ئینجا چووە سەر پێشکەشکردنی باسەکەی کە بریتی بوو لە پانۆرامایەکی مێژوویی مەسەلەی فرەنەتەوایەتی لە ئێران و دۆخی حقووقیی گەلانی ئازەری، کورد، بەلووچ، عەرەب، تورکمەن و کەمینە ئایینییەکانی ئەم وڵاتە لە یاسا و پراکتیکی کۆماری ئیسلامی‌دا. پاشان، داود ئازادفەر یەکێک لە چالاکانی مەدەنیی پێشوو لە نێوخۆی وڵات وتارێکی سەبارەت بە پێشینەی مەسەلەی کورد لە ئێران وەک مەسەلەیەکی سیاسی و ڕەوشی خراپی مافی مرۆڤ لە کوردستان‌دا پێشکەش کرد. ئینجا سێ کەس لە نوێنەرانی کەمینە ئایینی‌یەکانی ئێران وتاریان پێشکەش کرد کە بریتی بوون لە محەممەد بێهێشتی نژاد هەڵسووڕاوی مەسیحیی ئێرانی، قانیع قوبادی کەشیشی مەسیحیی کوردی ئێرانی و خانمی دیان عەلایی نوێنەری جامعەی بەهایی لە نیهادەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ. هەر کام لەوانەش بە وردی بنەمای یاسایی و قالبی سیاسیی تەبعیزی هەمەلایەنە بە دژی گرووپەکانی خۆیانیان شی کردەوە.

کۆنفڕانسی ڕۆژی چوارەم و کۆتایی لە سەعات ١١ی بەیانی تا ١ی دوانیوەڕۆی ١٠ ی ژووئەن لەژێر سەردێڕی گشتیی «ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ لە ئێرانی ئەمڕۆدا» بەڕێوە چوو. لێرەدا سەرەتا خانمی ڕەزوان موقەدەم چالاکی بواری ژنان بابەتێکی لەبارەی دوایین نموونەکانی ستەمی حکوومەتی بە دژی ژنانی ئێران پێشکەش کرد. ئینجا هادی قائیمی چالاکی کەمپەینی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە ئێران و یەکێک لە بەرپرسانی پێشووی ڕێکخراوی «هیومەن ڕایتس واچ» وتارێکی لەبارەی ماهیەتی ناتەبای بەستێنی سیاسی و قانوونیی ئێران لەگەڵ ستانداردە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤ پێشکەش کرد. لە کۆتاییدا ئاغای حەسەن نایب هاشم بەرپرسی کارزاری لەقاودانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران وتاری کۆتایی و ئەنجامگیریی زنجیرە کۆنفڕانسی پێشکەش کرد. ئاغای نایب هاشم لە قسەکانیدا وێڕای وەبیرهێنانەوەی کورتەیەک لە باسە سەرەکییەکانی هەر کام لە تەوەرەکانی زنجیرە کۆنفڕانس، پێشبینی‌یەکانی خۆی لەپێوەندی لەگەڵ هەڵسوکەوت و هەڵوێستی نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لەو کۆبوونەوە گشتی‌یەی شووڕای مافی مرۆڤ‌دا کە قەرار بوو دوو سەعات دواتر بەڕێوە بچێ خستە ڕوو.

شایانی باسە لە هەر کام لە ڕۆژەکانی کۆنفڕانسدا کورتە فیلمێکی موستەنەد لەپێوەندی لەگەڵ تەوەری تایبەتی ڕۆژدا نیشان دەدرا، سەرجەم باسەکانی ئەم کۆنفڕانسە هاوکات بە سێ زمانی ئینگلیسی و فەڕانسەیی و فارسی وەردەگێڕدران و لە دوایین بەشی هەرکام لە کۆنفڕانسەکانیشدا سەرۆکی جەلەسە ڕێگای بە ئامادەبووانی ئێرانی و خارجیی دەدا کە پرسیار بکەن و بۆچوونی خۆیان دەربڕن.

# ئاسۆی بزووتنەوەی سەراسەریی خەڵکی ئێران

# ساڵێک دوای هەڵبژاردنی جۆزەردانی ٨٨

مەسعوود ڕەواندووست

ساڵێک بەر لە ئێستاو لەم ڕۆژانەدا دوابەدوای نزیک بە مانگێک بانگەشەی کاندیداکانی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری لە ئێران و دوای چەند وتووێژی تەلەڤیزیۆنی و ئەو لەقاودانە بێ سانسۆڕانەی لەدژی یەکتر کردیان، کەشوهەوایەک پێک هاتبوو کە خەڵکی ئێرانی بەرەو ئەوە هاندا لەو دەرفەتە کەڵک وەرگرن و بە وەلانانی ئەحمەدی نژاد و دەوڵەتەکەی پەیامێکی ئاشکرا بە دەسەڵات بگەیەنن و بە پاشەکشە بە دیکتاتۆری هەنگاوێک لە کرانەوەی سیاسی و ئازادی نزیک ببنەوە. هەر بۆیە خەڵکی ئێران بە بەشدارییەکی کەم وێنە لە هەڵبژاردن‌دا دەنگی «نا»یان بە گوێی دەسەڵات و لە سەرووی هەمووانەوە خامنەیی گەیاند. بەڵام لەم نێوەدا قۆڵی پاوانخوازی دەسەڵات کە لە پێشترەوە خۆی بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەم دۆخە و گۆڕینی ئاکامەکانی هەڵبژاردن بە قازانجی خۆی ئامادەکردبوو بە کەڵک وەرگرتن لە هێز و ئیمکاناتی حکوومەت کودیتای ٢٣ی جۆزەردانی بەڕێوەبرد و مەحموود ئەحمەدی‌نژاد بۆ جارێکی دیکە وەک سەرۆک کۆمار بەسەر خەڵکی ئێران‌دا سەپێندرایەوە.

بەڵام ڕاپەڕینی بەرینی خەڵکی ئێران لە دژی کودیتاچییەکان و دەستبەسەرداگرتنی دەنگەکانیان نەیهێشت جێژنی سەرکەوتنی کودیتا زۆر بخایەنێ. ئەم ڕاپەڕینە لە سەرەتادا بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بەو فێڵ و ساختەکارییانە بوو کە دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد بە پشتیوانیی خامنەیی لە ڕەوتی هەڵبژاردن‌دا کردی. بەڵام زۆر زوو ڕاپەڕینەکە کەوتە سەر ڕەوگەی ڕاستەقینەی خۆی و سیستەمی ویلایەتی فەقیهی و ڕێژیمی دیکتاتۆری ئاخوندیی لە تەواوەتی خۆیدا کردە ئامانج و لافاوی ڕق و بێزاریی پەنگ خواردووی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانی لە ٣٠ ساڵ زوڵم و سەرەڕۆییەکانی دیکتاتۆریی ئاخوندی وەڕێخست، بەجۆرێک کە ڕێژیم کە مەرگی خۆی لەبەرچاوبوو زۆر بێ بەزەییانە کەوتە سەرکوت و گرتن و کوشتن و بریندارکردنی ژن و پیاو و پیرو لاوی وڵات لە شەقامەکاندا و، لەبەرچاوی هەموو جیهان گەورەترین و خوێناویترین شەڕی لە ماوەی ٣٠ ساڵەی تەمەنی‌دا لەگەڵ خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران دەست پێ‌کرد.

لە ماوەی ئەم یەک ساڵەی ڕابردوودا هەزاران کەس گیراون، سەدان کەس بریندار بوون و دەیان کەس کوژراون. لەم ماوەیەدا ڕێژیم زۆر بێ شەرمانە لە هەر ئامرازێک کەڵکی وەرگرتوە بۆ ئەوەی ئاگری ئەم ڕاپەڕینە دابمرکێنێتەوە. بەڵام خەڵکی ئێران سەرەڕای ئەوەی زانیویانە لەگەڵ چ ڕێژیمێکی دڕندە بەرەوڕوون لە مەیدان‌دا بوون و خۆڕاگرییان سەرنج و ستایشی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

ئەمساڵیش لە بەرەبەری ساڵوەگەڕی کودیتای جۆزەردانی ٨٨دا خەڵکی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی و دەرەوەی ئێران بەرەو ئەوە دەچوون کە بۆ یادکردنەوە و نیشاندانی بەردەوامیی خەبات، خۆپێشاندان و ناڕەزایەتی وەڕێبخەن و بەجۆرێک دەستیان بە ڕێکخستن کردبوو و تەنانەت چەندین گرووپ و ڕێکخراوی نێوخۆی ئێران و مووسەوی و کەڕووبی داوای مۆڵەتی خۆپێشاندانیان لە ڕێژیم کرد. بەڵام هەروەک پێش بینی دەکرا دەوڵەت نەک هەر مۆڵەتی پێ نەدان بەڵکوو وێڕای هەڕەشە و گوڕەشەیەکی زۆر و وەڕێخستنی ئێعدامی چالاکانی کورد و ئێرانی لە بەرەبەری مانگی جۆزەردان و سەقامگیرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە هێزە ئینتزامی و بەسیجییەکان لە دوو حەوتوو بەر لە ٢٢ی جۆزەردان لە شەقام و مەیدانەکانی تاران‌دا کەشوهەوایەکی تەواو پۆلیسی و حکوومەت نیزامییەکی ڕانەگەیەندراوی بەسەر وڵاتدا زاڵ کردبوو. هەر بۆیە مووسەوی و کەڕووبی ڕایانگەیاند کە بۆ پاراستنی گیان و ماڵی خەڵک واز لە خۆپێشاندان دێنن و جۆرێک پاشەکشەیان لە بەرامبەر هەڕەشەکانی ڕێژیم‌دا کرد. بەوحاڵەش ژمارەیەک لە خەڵکی ناڕازی سەرەڕای هەڕەشەکانی ڕێژیم هاتنە سەر شەقامەکان و دروشمیان دا و هێندێک خۆپێشاندان و تێکهەڵچوون لە نێوان خوێندکاران و هێزەکانی ڕێژیم لە چەند زانکۆدا ڕوویان‌دا و چەند کەس دەسبەسەر کران.بەڵام بە کردەوە ڕێژیم توانی ئارامی و بێ دەنگییەکی هەرچەند ڕواڵەتی بەسەر وڵاتدا زاڵ بکا.

داخوا ئەم بێ دەنگییە ڕواڵەتییە نیشانەی کزی و لاوازبوونی حەرەکەتی ناڕەزایەتی و بزووتنەوەی خەڵکی ئێران لە دژی دیکتاتۆریی ئاخوندییە یان دەکرێ خوێندنەوەیەکی وردتری لێ بکرێ؟

بە وردبوونەوەیەکی خێرا لە مێژووی زوڵم و زۆر و سەرکوتی ڕێژیم و خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە بەرامبەر ڕێژیم بە تایبەت لە یەکساڵی ڕابردوودا بۆمان دەردەکەوێ ئەو بەرزی و نزمییانە لە ڕەوتی خەبات‌دا ناتوانن ببنە فاکتۆری بڕیاڕدان لەسەر درێژەی حەرەکەتەکە.

ئەوەی ڕاستی بێ ئەوەیە کە سەرەتای دەسپێکی خۆپێشاندانەکانی دوای کودیتای جۆرەدانی ٨٨ سەرەتایەکی خۆڕسک بوو و هیچ بەرنامە و ڕێکخستنێکی لەپشت نەبوو و، تەنانەت سەرەتاکان مووسەوی و کەڕووبی کە وەک سەری حەرەکەتەکە دەناسران داوایەکیان جگە لە هەڵوەشانەوە و دووبارە بوونەوەی هەڵبژاردن نەبوو، کەوابوو شتێکی ئاسایی بوو کە ئەم حەرەکەتە کە وەک لافاوێکی بەهێز دەستی پێکرد هەر بەو هێز و گوڕەوە نەمێنێتەوە و لە قۆناغەکانی دواییدا ئەو هێز و تینەی نەبێ. بەڵام ئەوەی گرینگ بوو گەشاوە ڕاگرتنی ئاگری خەبات و بەردەوام ڕاگرتنی حەرەکەتەکە بوو کە دواتر کە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای ئێران هاتنە نێو بزووتنەوەکە بەرەبەرە ئاراستەی حەرەکەتەکە گۆڕا و داواکانی خەڵک بەربڵاوتر و تەنانەت ڕادیکاڵتر بوونەوە و گەیشتە جێگایەک کە خەڵک خوازیاری وەلانانی نیزام لە تەواوەتیی خۆی‌دا بوون. بەڵام دیسانیش هەروەک گوترا لە لایەک نەبوونی ستراتێژییەکی دیاریکراو لە لایەن بەشی زۆری ڕێبەریی بزووتنەوەکە و لە لایەکی دیکەوە خۆئامادەکردن و سوورتربوونی ڕێژیم بۆ سەرکوتەکان بوونە هۆی ئەوەی ڕەوتی بزووتنەوەکە لە بەرزی و نزمی‌دا بێ و لانیکەم لە دوو بڕگەی هەستیاری وەک ٢٢ی ڕێبەندانی ٨٨ و ٢٢ی جۆزەردانی ٨٩دا پاشەکشە بەخۆیەوە ببینێ. کەوابوو حەرەکەتەکە لە خۆپێشاندان و چالاکیی مەیدانی‌دا خێرایی و تین و گوڕی چەند مانگی سەرەتایی خۆی نەماو و ڕێژیم توانی بە ڕواڵەتیش بێ بە هێزی نیزامی و سەرکوت و لەشکەرکێشی بەر لە هاتنی خەڵک بۆ سەر شەقامەکان بگرێ.

ئەوەی ڕاستی بێ ئەوەیە کە ئەم سەرکوتە دڕندانە و لەشکرکێشییانەی ڕێژیم دوو ئاکامی کورت خایەن و درێژخایەنی هەیە. ئاکامە کورت خایەنەکەی کە بۆ ڕێژیم بۆتە جێی دڵخۆشی ئەوەیە کە پاشەکشەیەکی کاتیی بە خەڵک کردوە و ڕێژیم پێی‌وایە توانیویەتی ناڕەزایەتییەکان بە تەواوی کۆنترۆڵ بکا. بەڵام ئەوەی گرنگە ئاکامە درێژخایەنەکەی ئەم شێوە هەڵسوکەوتەیە. ئەم شێوە هەڵسوکەوت و سەرکوتە بێبەزەییانەی ڕێژیم لە درێژخایەن‌دا دەبێتە هۆی ئەوەی بنەماکانی مەشرووعییەت و ڕەوایی حکوومەت تەنانەت لە لای نزیکترین توێژەکانی حکوومەتیش بکەوێتە ژێر پرسیار و هەر نەمێنێ. هەروەک تا ئێستا بینراوە لە نێو زانایانی ئایینی شیعە کە پاڵپشتی مەعنەویی نیزام بوون، کەلێنێکی گەورە پێک هاتوە و زۆربەی مەراجیعی تەقلید بە ئاشکرا ویلایەتی فەقیە وەک بنەمای دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهی ڕەد دەکەنەوە و ئەو ڕێژیمە بە ڕێژیمێکی نامەشرووع دەزانن. لە خۆپێشاندانەکانیش‌دا بە ئاشکرا خامنەیی وەک بەرزترین کەسی نیزام بۆتە ئامانجی دروشم و هێرشەکان و تەنانەت جاروبار خومەینییش دەکەوێتە بەر هێرشی ناڕازییان.

لە لایەکی دیکەوە ئەم ڕووبەڕوو بوونەوە توندوتیژ و تەنانەت نیزامییانەی ڕێژیم لەگەڵ دژبەران، جیابیران و تەنانەت بەشێکی زۆر لە ڕیفورمخوازانی نێو حکوومەتی بەو ئاکامە گەیاندوە کە ئەم ڕێژیمە ئەگەری چاکسازیی تێدا نییە و هیوایان بە ئاڵوگۆڕ لە چوارچێوەی ئەم سیستمەدا نەماوە، کە ئەوە دەبێتە هۆی ڕادیکاڵتر بوونەوەی هێزە میانەڕەوەکانی نێوخۆی ئێران.

ئەو نەمانی مەشرووعیەت و ڕەواییە لە لایەک و داخرانی هەموو دەرگاکان لەنێوخۆ و نەمانی هیوای چاکسازی تەنانەت لە نێو ڕیفۆرمخوازانی نێو دەسەڵات لە کۆتایی‌دا دەبێتە هۆی تەقینەوە و ئەوەی ڕێژیم دەستی بۆ لە کوشتن و بریندارکردن و گرتنی خەڵکی ئێران نابوێرێ ئاکامێکی پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە کە هەمان نەمان و تێداچوونی ڕێژیمە.

کەوابوو لە ڕاستی‌دا ڕێژیم کەوتۆتە سەرەولێژی نەمان و ئەوەی لەبەردەم خەڵکی ئێرانە، ئاسۆیەکی ڕوونە کە هەمان ڕزگاری لە دیکتاتۆری و گەیشتن بە ئازادییە.

# بەرنامەی ناوکیی ئێران و ئاسایشی جیهانی

ڕەحمان سەلیمی

ئاسایش، ئاشتی و هێمنیی جیهانی، تێرۆریزم و هتد لەو دەستەواژانەن کە تا ئێستا پێناسەیەکی ڕوون و دیاریکراویان بۆ نەکراوە کە گشت لایەنەکان لە سەریان کۆک بن ئەو جیاوازییە لە ڕوانینی وڵاتان و هەڵگرانی ئیدئۆلۆژی و بیروڕا جیاوازەکان دا زۆر جاران لە ئاستی جیهانی دا کێشەخوڵقێن بووە و کاریگەریی لە سەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان داناوە. ڕوانینی زاڵ بۆ ئەو چەمکانە ئەو ڕوانینەیە کە وڵاتە زلهێزەکان دەیخەنە ڕوو و لە ڕێگەی ئەوانیشەوە بەشێکی بەرچاو لە ڕێکخراوو ناوەندە نێونەتەوەییەکان دەگرێتەوە. لە وەها خوێندنەوەیەکدا بۆ ئەو چەمکانە، ئەوەی لە هەموو شت گرینگترە دابین بوونی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانە و پێناسەکان بەو پێیە دادەڕێژرێن و بە زۆری بەها و نۆڕمە مرۆییەکان لەو بەینەدا ون دەبن و هیچ بایەخێکیان پێ نادرێ. لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەو گرووپ و لایەنانە تێرۆریستن کە ناتەبان لە گەڵ بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانیان، ئەمنییەت و ئاشتیی جیهانیش بەندە بە ئەمنییەتی سەرمایەکانیانەوە. لێرەدا چەمکگەلی جیهانگیری وەک مافی مرۆڤ، عەداڵەت و ئازادی دەکەونە پەڕاوێزەوەو تەنیا لە ئاستی دروشم و بە مەبەستی فریوی ڕای گشتی بە کار دەهێنرێن.

دژکردەوەی پارادۆکسیکاڵی ئەو وڵاتانەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی نزیک لەوان بەرامبەر بە پەرەپێدانی چالاکییە ناوکییەکان و دەسڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی لە وڵاتە جیاوازەکاندا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخا. لەو ڕوانگە بەرژەوەند تەوەرەدا، ئەو چالاکییە ناوکیانە هێمنی و ئاشتیی جیهانی دەخەنە مەترسییەوە کە هەڕەشە لە بەرژەوەندیی زلهێزەکان بکەن. بۆ وێنە لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی ئەمریکادا وڵاتی ئیسراییل بۆی هەیە خاوەن سەدان کڵاوەی ناوکی بێ و دوژمنانی ئەو وڵاتەش بە تێرۆریست ناوزەد بکرێن.

هەرچەند ئێرانی ناوکی دەتوانێ کارەسات خوڵقێن بێ، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە پاکستانی خاوەن چەکی ناوکییش مەترسیدارە و ئەگەری دەستراگەیشتنی تالبان بەو جۆرە چەکانە بە پێی نفووزو پێگەی بەرچاویان لەو وڵاتەدا دوور لە چاوەڕوانی نییە.

پرسی ناوکیی ئێران و پیتاندنی ئۆرانیۆم لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە چەند ساڵە بۆتە جێگای مشتومڕو سەرنجی کۆمەڵگای جیهانی و زۆر لایەنی وەک ڕێکخراوی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمریکا، ڕووسیە و گرووپی ناسراو بە ٥+١ بە خۆوە خەریک کردوەو وزە و توانایەکی زۆر بۆ مل ڕاکێشانی دەسەڵاتی ئێران بە ویستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕاگرتنی پیتاندنی ئۆرانیۆم و شەفافیەت لە بەرنامە ناوکییەکەی دا بە فیڕۆ چووەو هیچ سەرکەوتنێکی ئەوتۆش بەدی نەکراوە، بەڵکو کۆماری ئیسلامی گشت ئەو لایەنانەی بە خۆوە سەرقاڵ کردوەو لە هەمان کاتدا درێژەی بە چالاکییە ناوکییەکانی داوە. لە لایەکی دیکەش لە نێوخۆدا بە بیانووی لە ئارادا بوونی کێشەی ناوکی لە گەڵ دونیای دەرەوە و بەرگری لە مافی خەڵک، سەرکوتی جیابیران و نارازییانی نێوخۆی پەرە



پێداوەو لە ڕاستیدا سوودی لەو دەرەفەتە وەرگرتوە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وەک ململانێی ناوکی بۆی خوڵقاندوە تا درێژە بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بدا و ئابووریی داتەپیو و ڕێژەی بەرزی فەقر و نەداری و دەیان دیاردەی نالەباری دیکە بدا.

ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ١٩ جۆزەردان



چوارەمین بڕیارنامەی سزادانی دژی بەرنامەی ناوکی بە سەر کۆماری ئیسلامی دا سەپاند تا بە وتەی ئەندامانی ئەنجومەن پاشەکشە بە کۆماری ئیسلامی و لە ئاکامدا تێرۆریزم بکەن و کاربەدەستانی ئێران بە شێوەیەکی شەفاف و جیددی بکەونە دانوستان لە گەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بەم چەشنە ئیزن نەدرێ ڕێژیمێک دەستی بە چەکی ئەتۆمی ڕابگا کە ئەگەری بەکارهێنانی ئەم جۆرە چەکەماڵوێرانکەرەی دژی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا لێ چاوەڕوان دەکرێ.

سروشتی ئیدئۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی کە جیهان بە دوو بەرەی خێر و شەڕدا دابەش دەکا کە بەرەی خێر لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە ڕێبەرایەتی دەکرێ و بەرەی شەڕیش بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا، کە ڕۆژئاوا و بەشی هەرە زۆری جیهان دەگرێتەوە، مەترسیی جێی متمانە نەبوون و دەسڕاگەیشتنی ڕێژیم بە چەکی ناوکی و بەکارهێنانی دژی بەرەی شەڕ دەباتە سەر.

ئامریکاو ڕۆژئاوا لە پێشێلکردنی هەمە لایەنەی مافی مرۆڤ لە ئێراندا وەک گرتن و ئازارو ئەشکەنجەو ئێعدامی چالاکانی سیاسی و مەدەنی، سەرکوتی خوێندکاران و کرێکاران، چەوساندنەوەی نەتەوە ژێردەستەکان بە تایبەت و . . . چاویان پۆشیوەو تەنیا ئەو مەلەفانە بۆیان گرینگە کە دەچنە چوارچێوەی پرۆژەی ئەمنییەتییانەوە. ئەوان لە سەر ئەو بڕوایەن کە تەنیا ئێرانی خاوەن چەکی ئەتۆمی هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیریی جیهانی و بە ڕزگاربوون لەو قۆناغە نیگەرانییەکانی جیهانی دەڕەوێننەوە. لە کاتێکدا ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیکی نابەرپرسیاری بنەڕەتخوازی وەک کۆماری ئیسلامی لە هەر حاڵەتێکدا مەترسییە بۆ سەر مرۆڤایەتی چەکی ئەتۆمی تەنیا یەکێکە لە ئامرازە تۆقێنەرەکانی کە بەرهەمی شێوەی ڕوانینێتی بۆ جیهان و مرۆڤ. تێکدانی ئاسایشی جیهانی بەشێکە لە ماهییەتی کۆماری ئیسلامی و بوارگەلی جۆراوجۆر لە دەرەوەی پڕۆژەی ناوکییش دەگرێتەوە.

ئەگەر ئەمریکا، ئورووپا، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە گشتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگای ئێران تێگەیشتبان و پشتیوانیی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی نەتەوەکانی ئێرانیان کردباو یارمەتییان داباو لەو ڕێگەیەوە هەوڵی گۆڕانکاری لە سیاسەت و ماهییەتی حوکمڕانی لە ئێرانیان دابا، دەسکەوتی گەورەیان دەهێنایە دی وەک:

١. کێشەی نابەرپرسیارییەتیی ئێران بەرامبەر بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی ڕیشەیی تر چارەسەر دەبوو و چیتر هەڕەشەی سەرهەڵدانی ڕادیکالیزمی بناژۆخوازی ئیسلامی لە ئێران و بگرە لە بەشێکی بەرچاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەدەهاتە ئاراوە.

٢. تێچووی دابین کردنی ئەمنییەتی جیهانی بە شێوەیەکی بەرچاو دادەبەزی.

٣. بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی وەکوو ئازادی، دادپەروەری و مافی نەتەوە بەش مەینەتەکانی ئێران دەهاتنە دی و بەو شێوەیە متمانەی نەتەوەکانی ئێران بە ڕۆژئاواو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بەرز دەبۆوە.

٤. فشارەکانی سەر خەڵکی ئێران کە بە هۆی سەپاندنی تەحریم دژی کۆماری ئیسلامی تووشی هاتوون کەم دەبۆوە و خەڵکی ئێران بەم شێوەیە لە ئاسەوارە زیانبارەکانی سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی ڕزگارییان دەبوو.

گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسیی ئێراندا و هەوڵدانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەو پێناوەدا کەم تێچووترین و ساناترین ڕێگەی پێشگرتن لە سیاسەتە مەزنیخوازەکانی کۆماری ئیسلامی و گەرەنتیی پاراستنی ئاسایشی جیهانییە. چونکە لە ڕاستیدا ئاکامی ململانێی ئێران و ڕۆژئاوا لە سەر پرسی ئەتۆمی ناڕوونە و ئەوەی زیاتر لە هەموو لایەنەکان لەو نێوەدا دەبێتە قوربانی، خەڵکی ئێرانە.

لە پێناسەیەکی واقعبینانەتردا گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی جیهانی، بوونی ڕێژیمە سیاسییە دیکتاتۆرو سەرەڕۆکانن کە بە سیاسەتە ناتەباکانیان لە گەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان و پێشێلکردنی بڕیارنامە نێونەتەوەییەکان، تەکووزیی جیهانی دەخەنە مەترسیەوە. بازدان بە سەر ئەو ڕاستیەدا و خۆ خەریک کردن بە پەڕاوێزەکانەوە، سیاسەتێکە کە ساڵانێکە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرامبەر ڕێژیمی ئێران گرتوویەتە بەرو هیچ ئەنجامێکی جگە لە ماڵوێرانیی خەڵکی ئێران لێ نەکەوتۆتەوە.

## ڕاپۆرتی پێشێلکردنی ماڤی مرۆڤ لە کوردستان لە سێ مانگی بەهاری ٨٩ ی هەتاوی دا

ئامادە کردنی: ناوەندی کوردستان و کورد نیوز

دەزگا ئەمنییەتی و پۆلیسییەکان و هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی سیاسەتی هەمیشەیی سەرکوت و کوشتوبڕی سەرەڕۆیانەیان لە کوردستان دا لاپەڕەیەکی دیکەیان لە کارنامەی ڕەشی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان خستە سەر لاپەڕەکانی پێشوو.

بە پێی ئامارەکانی ناوەندی هەواڵی «کوردستان و کورد نیوز» لە سێ مانگی بەهاری ئەم ساڵ دا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان زیاتر لە ٢١ کەسیان کوشتوە کە زیاتر لە ١٥ کەسیان کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون. هەر لە ئاکامی دەسڕێژی هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەر کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان ٩ کەسیش بریندار بوون و وێڕای کوژرانی زیاتر لە ٧٠ سەر وڵاغی کاسبکاران، زیاتر لە ٥٠٠ باری کاسبکارانیش کە زۆربەیان لە ئێڵ سی دی و باری سیگار و پارچە پێک هاتوون، لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە دەستیان بە سەردا گیراوە کە بایی زیاتر لە ٩٠٠ میلیۆن تمەن مەزندە کراوە.



دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامییش لە کوردستان لە ماوەی ئەو سێ مانگە دا ئەوەندەی ناوەکانیان ئاشکرا کراوە، لانیکەم ٩٠ کەسیان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و هاوکاریکردنی حیزبە کوردستانییەکان قۆڵبەست کردوە. ژمارەیەک لەو گیراوانە تا کاتی دادگایی کردنیان بە بارمتەی قورس ئازاد کراون و لانیکەم ٢١ کەس لەوانە دوای بە ناو دادگایی کرانیان حوکمی ٦ مانگ زیندان تا ٦ ساڵ و ٣ مانگ زیندانیان بە سەر دا سەپاوە.

سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لە حەوزەی زانکۆکانیش دا بە دژی خوێندکارانی کورد بەردەوام بووە و لە ماوەی سێ مانگی بەهاری ئەم ساڵ دا ٢٩ خویندکاری کورد لە زانکۆکانی ئێران لە لایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە گیراون و ١١ کەس لەو ٢٩ کەسە بە بڕیاری ناوەندە ئەمنیەتییەکان لە زانکۆ دەرکراون و لە درێژەدان بە خوێندن بێبەش کراون و ٥ کەسیشیان بە بڕیاری حیراسەت و کۆمیتە ئینزباتییەکانی زانکۆکان بە تاوانی چالاکیی سیاسی بە چەند تێرم بێبەش بوون لە خوێندن مەحکووم کراون.

لە تەنیشت دەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم، دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامییش لە ١٩ی بانەمەڕ دا چوار چالاکی سیاسی و مەدەنیی کوردی لە سێدارە دا. حوکمی ئێعدامی فەرزاد کەمانگەر، عەلی حەیدەریان، شیرین عەلەم هوولی و فەرهاد وەکیلی لە کاتێک دا جێبەجێ کران، کە پارێزەری ئەو لە سێدارەدراوانە ڕایگەیاندبوو کە بە پێی نێوەڕۆکی پەروەندەی ئەو کەسانە، ئەو ئێعدامانە ناقانونی بوون. هەروەها دەزگای قەزایی لە مانگی بانەمەڕ دا حوکمی ئێعدامی بە سەر حەبیبوڵلا گوڵپەریوەر، چالاکی سیاسیی کوردی خەڵکی شاری سنە دا سەپاندوە و حوکمی تیربارانکردنی دوو گیراوی کوردی بە ناوەکانی ئەحمەد پولادخانی و محەممەد ئەمین ئاگوشی لە مانگی جۆزەردان دا یەکلا کردۆتەوە.

شایانی باسە ئەو ئامارانە تەنیا بە پێی ئەو هەواڵ و زانیارییانە ئامادە کراون کە بە دەستی ناوەندی هەواڵی « کوردستان و کورد نیوز» گەیشتوون و ناو و نیشانیان بە ڕوونی ئاشکرا کراون، ئەگینا بە دڵنیاییەوە قوربانیانی سیاسەتی توندو تیژی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان زۆر لەوە زیاترن کە لێرە دا ناویان هاتوە و ئاماژەیان پێ کراوە.

خشتەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان بە هۆی کۆماری ئیسلامی لە ٣ مانگی بەهاری ئەم ساڵ لە لاپەڕی ١٠ دایە:

# هێرشی هێزەکانی ئێران بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بە چ مەبەستێک؟

سمکۆ ئەردەڵان

نزیک بە مانگێکە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بە بەردەوامی سنوورەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق تۆپباران دەکاو چەند جارێکیش ئەو هێزانە سنووریان بەزاندووەو چەند کیلۆمیترێک بە بیانووی راوەدوونانی هێزەکانی PKK و پژاک هاتوونەتە خاکی هەرێمی کوردستانەوە. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی ئەمە جاری یەکەمی نییە، بەڵام جیاوازییەکەی ئەمجارەیان لەوە دایە کە ئەم جارەی دوایی سەرەڕای هەڵوێستی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و عێراق و هەروەها چەندین خۆپێشاندانی خەڵکی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی عێراق، تۆپبارانەکان و سنوور بەزاندنەکەی کۆماری ئیسلامی زۆری خایاندو ئەوە بۆ مانگێک دەچێ هەروا بەردەوامە.

تا ئێستا زۆر جاران لە لایەن چاوەدێرانی سیاسییەوە ئەوە گوتراوە کە بیانووی هێرشەکانی دوو رێژیمی ئێران و تورکیە بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، PKK و پژاکە . بەڵام لە راستیدا ئەم دوو دەوڵەتە مەبەستی دیکەیان هەیە کە ئەویش لاوازکردنی پێگەی کورد لە عێراق و ناوچەکە دایە. بەراستی ئەگەر کۆماری ئیسلامی مەبەستی دیکەی نەبێ، بۆچی دەبێ سەرەڕای بێ ئاکام بوونی، لەسەر هێرشەکانی لەو ئاستەدا و بەچڕوپڕییەوە بەردەوام بێ. ئایا لە ماوەی ئەو یەک مانگە دا چەند کەس لە هێزەکانی PKKو پەژاک کوژراون؟ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و راگەیەنەکانی ئەو رێژیمە کە عادەتیانە و سیاسەتیانە کە بەردەوام درۆ بکەن و رای گشتی بشێوێنن و بە درۆو دەلەسە بە دەسکەوتەکانی خۆیان هەڵبلێن، بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە تەنانەت بۆخۆشیان باس لە مەبەستە ڕواڵەتییەکە، کە لە نێوبردنی PKK و پژاک بێ و خۆیان بە مەبەستی سەرەکی دەزانن، ناکەن. تا ئێستا ڕایاننەگەیاندوە لە ماوەی ئەو یەک مانگەدا کە ئامادە بوون بۆ لە نێوبردنی PKKو پەژاک کە بە لایانەوە گرینگە و سنووری وڵاتێکی دیکە ببەزێنن و بە ئاشکراو لە بەرچاوی هەموو خەڵکی دونیا یاسا نێونەتەوەییەکان پێشێل بکەن، چ دەسکەوتێکیان هەبووە. ئەوە لە کاتێک دایە کە هەموو کەس لە بیریەتی کۆماری ئیسلامی کاتێک کە لە ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی دا بۆ ماوەی چەند رۆژێک سنووری بەزاندو هێرشی کردە سەر بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، چ درۆو دەلەسەیەکی لە زمانی بەرپرسان و لە راگەیەنەکانی خۆیەوە وەڕێخست تا پاساوی هێرشەکەی خۆی و سنووربەزاندنەکەی بداتەوە، بە چەشنێک ئەوکات بە قسەی بەرپرسانی رێژیم ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی بە کۆمەڵ کوشتبوو.

باشە ئەوەی ئەمجارەیان بۆ تەنانەت باس لە لەنێوبردنی چەند کەس لە هێزە ئاساییەکانی PKKو پژاک ناکا؟ ئەگەر مەبەستی سەرەکی ئەوە بێ دەبێ خۆشیان بزانن کە هێرشەکانیان زۆر بێ سوودەو هێرشەکانیان رابگرن و بیر لە رێگەی دیکە بکەنەوە.

بەڵام ئەوەی رەوتی ئەو هێرشە بێ ئەنجامە نیزامییانە کە تەنیا گوندنشینەکانی کوردستانی عێراقی ئاوارە کردوەو هەروەها ئەوەی رەوتی رووداوە سیاسییەکانی عێراق و کوردستان لە سەروبەندی پێکهێنانی دەوڵەتی ئەو وڵاتەدا پێمان دەڵێ کە مەبەستی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی لەم هێرشانە فشار خستنە سەر کوردو لایەنەکانی دیکەی عێراقە. رەنگە ئەم لێدوانەی بەرپرسێکی نیزامیی کورد لە عێراق دا لە هەموو بۆچوونەکان راستتر بێ کە دەڵێ کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تۆپبارانکردنی سنوورەکانی کوردستان دەیەوێ فشار بخاتە سەر کورد تا لە پێکهێنانی کابینەی نوێی عێراق دا بە هەموو شتێک رازی بن و لەگەڵ سەدرییەکان و ئیئتیئلافی نیشتمانیی عێراق لە بەرامبەر عەلاویدا رێک بکەون، ئەگەر ئەمە راست بێ هەرێمی کوردستان لە ساڵانی داهاتوودا دەبێ چاوەڕوانی فشارەکان و هەڕەشەکانی ئێران بێ.

بەڵام لەم نێوەدا ئەگەری بەهێز ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە سەر ئەو باوەڕەیە کە تەنیا رێگەیەک بۆ پێشگرتن لە پێشکەوتنەکانی بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی دا ئەوەیە، کە بە فشار خستنە سەر کورد، سیاسەتی کورد بۆ دەیەکانی سەدەی رابردوو بگەڕێننەوە. واتە بە زۆر لایەنێکی کوردی ناچار بکەن بۆ پاراستنی خۆی دژی لایەنەکەی دیکە بکەوێتە شەڕەوەو بۆ جارێکی دیکە شەڕی خۆ بە خۆو براکوژی لە کوردستان سەر هەڵبداتەوە. کۆماری ئیسلامی و نەیارانی کورد بە گشتی لە هیچ شتێک بە قەرا ئەوە ناترسێن کە کورد لەم ساڵانەی دوایی ماڵاوایی لە شەڕی دژ بە یەک و خۆکوژی کردوەو چەندین جار رێبەرانی کورد رایانگەیاندوە کە چی دیکە کورد بە هیچ نرخێک تووشی شەڕی براکوژی و خۆ بە خۆ نابێتەوە. ئەمەش گەورەترین دەسکەوتی کوردە کە بەداخەوە لە رابردوودا بەردەوام بە دەست ئەم بەڵایەوە ناڵاندوویەتی و نەیهێشتووە بزووتنەوەکانی کورد بە ئامانج بگاو بواری بە نەیاران داوە بەردەوام دەست لە کاروباری بزووتنەوەی کورد وەربدەن. بەڵام کۆماری ئیسلامی کە ئەو راستییە دەزانێ ئەمجارەیان هاوشان لەگەڵ تورکیە دەشێ یەکێک لە مەبەستەکانی ئەوە بێ کە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ژێر ئەو فشارە بەردەوامانە ناچار بکەن کە یا دەبێ رووبەڕووی ئەوان ببنەوە یان دەبێ لە شەڕی هێزە کوردییەکانی نەیاری ئێران و تورکیەدا بەشداری بکەن. تووشبوون بە وەها شەڕێک بۆ کورد لە هەموو بەشەکانیدا گەورەترین شکستی سیاسییە.





## نیگەرانیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە تۆپباران و بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستان لە لایەن ئێرانەوە



مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان نیگەرانیی خۆی بەرامبەر بە تۆپباران و بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەربڕی.

مەسعوود بارزانی کە ئێستا لە سەفەری دەرەوەی کوردستانە، لە دوو پێوەندیی تەلەفۆنی دا داوای لە جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق و نووری مالکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق کرد کە بە زووترین کات بە مەبەستی راگرتنی ئەم تۆپبارانە هەوڵەکانی خۆیان وەگەڕ بخەن.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان نیگەرانی خۆی بەرامبەر تۆپبارانکردن و بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستان لە لایەن سوپای ئێرانەوە دەربڕیوە، کە دەربەدەربوون و ئاوەرەبوونی سەدان بنەماڵەی ئەو ناوچانەی لێ کەوتۆتەوە و بۆتە هۆی رووخانی ژمارەیەک قوتابخانە و پردی ناوچەکە و هەروەها ئەو زیانە گیانی و مادییەی خەڵکی ناوچە سنورییەکانی کوردستان لەو سۆنگەیەوە تووشی بوون.

مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەو دوو پەیوەندییە تەلەفۆنیەدا داوای لە مام جەلال و نووری مالکی کردوە کە بە زووترین کات دەسەڵات و هێزی خۆیان بۆ راگرتنی ئەو تۆپبارانە بەکار بێنن، چونکە پاراستنی سنوورەکان لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵە.

شایانی باسە ماوەیەکە سوپای پاسدارانی ئێران تۆپبارانکردنی ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستانی دەست پێ کردۆتەوە و بەدرێژایی سێ کیلۆمێتریش خاکی هەرێمی کوردستانی بەزاندوە و بنکە و بارەگایان لەناو سنووری رەسمیی عێراق و کوردستان داناوە.

## نامەی پارلمانی کوردستان بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەبارەت بە دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران

کوردستان و کورد نیوز: پارلمانی کوردستان سەبارەت بە دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان یادداشت نامەیەکی ئاراستەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد و بە تایبەت داوای لە سەرۆکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرۆکایەتیی ئامریکا و یەکیەتیی وڵاتانی عەرەبی و یەکیەتیی ئورووپا کردوە کە بەزووترین کات هەوڵی راگرتنی ئەم کارە دوژمنکارییەی کۆماری ئیسلامی بدەن و هێزەکانی ئێران ناچاربە پاشەکشە بکەن و فشار بۆ ئێران بێنن کە قەرەبووی لێقەوماوان و زیانوێکەوتووانی پەلامارەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان بکاتەوە.

لە بەشێکی ئەو یادداشتنامەیەدا هاتوە کە بۆردومانکردنەکەی کۆماری ئیسلامی ناوچەکانی سەر بە قەزای چۆمان لە پارێزگای هەولێر و قەڵادزێ لە پارێزگای سلێمانی بەقووڵایی ١٥ کیلۆمێتری گرتۆتەوە و لەگەڵ بەزاندنی سنووری نێودەوڵەتی بەقووڵایی ٢ دوو کیلۆمێتر هاتۆتە نێو خاکی هەرێمی کوردستان و پێگەی نیزامیی داناوە.

ئەم هەڵسوکەوتە، بەپێی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی بەکاری دوژمنکاری دادەنرێ و پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی مافی مرۆیی، بەتایبەتی رێککەوتننامەکانی (ژنێف) ی ساڵی١٩٤٩ و پێشێلکردنی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەستدرێژی بۆ سەر سەروەریی خاکی عێراقە.

## بابەکر زێباری: با ئێران و تورکیە سنوورەکانی خۆیان توند بگرن و بیانوو بە ئێمە نەگرن

بابەکر زێباری، سوپاسالاری عێراق وەک کاردانەوە بەرامبەر هێرشەکانی ئێران و تورکیە بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە پێوستە ئەم دوو وڵاتە لە پێشدا سنوورەکانی خۆیان توند بگرن و هێرش نەکەنە سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان.



بابەکر زێباری لە لێدوانێکی تایبەت دا بۆ ئاژانسی پەیامنێر مەترسیی دروست بوونی شەڕ لەنێوان عێراق و ئێران یان عێراق و تورکیەی بە دوور زانیوە، بەڵام ئەوەشی روون کردۆتەوە کە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق چەندین جار بە ئێران و تورکیایان راگەیاندوە کە ئەوان مادام خاوەن سوپا و هێزی سەربازیی بەهێز و رێکوپێکن، با سنوورەکانی خۆیان بپارێزن و بە بیانووی PKK و پژاک سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بۆمباران نەکەن.

# میراتی کلتووری لە گفتوگۆیەک لەگەڵ هونەرمەند «نامۆ»دا

هەڤپەیڤین: عەلی بداغی

شوناسی کلتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەر کۆمەڵگەیەک، هەر نەتەوەیەک ڕەچەڵەک و بناخە و چاوگی کلتووری ئەو کومەلگاو نەتەوەیەیە. ئەو شوناسە رووگەیەکە پێت دەڵێ کێی؟چی و، لەکوێ را هاتووی و لە کوێی مێژووی مرۆڤایەتی و شارستانیەت و ژیاری مرۆیی دا جێت گرتوە؟ لە کۆمەڵناسیی میراتی کلتووری دا ئەو شوناسە لە گچکەترین و پاژترین وردەکلتوورەکانەوە هەتا گرنگترین لایەنە کلتوورییەکان لە خۆوە دەگرێ.
میراتی کلتووری هەر نەتەوەیەک هەموو ئەو ماتریال و بەرهەمە ماددی و مەعنەوی یانەیە کە تەعبیر لە مێژووی ئەو نەتەوەیە دەکەن و شوناس و ناسنامەی ئەو نەتەوەیە لە ڕێڕەوی مێژوو دا دەردەخەن. ئەو میراتە بریتیە لە شوێنەوارە مێژووییەکان،کەلوپەل وئەو بەرهەمە عەنتیکانەی لەوانەیە تەمەنیان بە درێژایی مێژووی ئەو نەتەوەیە بێ و لە راستی دا ئەوە میراتە کلتوورییەکانی هەر نەتەوەیەکە کە باس لە مێژوو،داب ونەریت، باوەڕوبەها و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان وچۆنیەتیی ژیان وداهێنانی ئەو نەتەوەیە دەکەن.
«کوردستان» لەو پێوەندییەدا وتووێژێکی لە گەڵ هونەرمەند محەممەد ڕۆستەم زادە ( نامۆ)، مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر پێک هێناوە:



**مامۆستا نامۆ لە سەرەتای باسەکەمان دا بفەرموون کە روانگە یان بڵێین پێناسەی جەنابتان بۆ میراتی کلتووریی هەر نەتەوەیەک چیە؟**

نامۆ: بە بڕوای من هەر نەتەوەیەک جگە لە زمان ، شوناس و پێناسەی تایبەتی خۆی هەس. ئەم شوناس و پێناسەیە کۆمەڵێک هەڵسوکەوت، داب و نەریت ، بکە و نەکە و ... تاد ی لە خۆ گرتووە کە بە سەدان و بگرە بەهەزاران ساڵ لە دڵ و دەروونیاندا جێگیر و ریشەی داکوتاوە و بەسەر یەکدا کەڵەکە بووە و دەکرێ بڵێین بە چەشنێک حاڵەتی داسەپانی تێدایە و بەسەر تاک تاکی ئەوان لە ڕێگای جۆر بە جۆرەوە حوکم دەکات. ئەگەر بمانهەوێت باشتر پێناسەی بکەین دابەشی دەکەین بە : میراتی کەلتووری مردوو– میراتی کەلتووری زیندوو. ئەوەش بۆخۆی دیسان دابەشە بە :میراتی کەلتووری ئایینی و میراتی کەلتووری ئێتنیکی یان قەومی. میراتی کەلتووری مردوو لە راستیدا دەتوانێت زۆر کەون بێت، بۆچی مردوو ؟! لە بەر ئەوەی جۆری تێروانینی ئەو مرۆڤانە لەو سەردەمەدا بۆ جیهان و دەورووبەریان و لێکدانەوەیان بۆ مەرگ و ژیان زۆر گۆڕاوە و گۆرانکاریی بە سەردا هاتوە، وەک ڕێسا و یاسا کەس پابەندی ئەو جۆرە بیر کردنەوەیە نەماوە و تەنیا لە ڕێگای کۆمەڵێک ئاسەوارو شوێنەوارۆ دەتوانین پێناسەیان بکەین لە سەر بیر و باوەر و جۆرو شێوازی ژیانیان.

جۆری تێروانین لە جیهانی ماددیی و جگە ماددیی (مەبەستم جیهانی وێناییە) – دەبێتە هۆکارێک بۆ ئافراندنی چیرۆک ، ئەفسانە ، پاڵەوانیەتی ،تراژێدیا و ژانرەکانی تری هونەری. لە راستیدا دەکرێ بڵێین جۆرێک دابڕان دروست دەبێت لە نێوان ئێستا و رابردوودا، کە هەر ئەوە خۆی پێویستی بەوە هەیە لە ڕێگای پێناسەکردنی ئەو ئاسەوارانە پەیوەندییەک دروست ببێت. هەر وەک پێشتر باسم لە میراتە ئایینیەکان کرد،میراتە ئایینیەکان بە پێی گۆڕانی ئایین و جێگیر بوونی ئایینی نوێ لە ناو کۆمەڵگادا ئەوانیش دەگۆڕێن وەک بڵێین لە پێش هاتنی ئایینی ئیسلام، کێشانەوە و دروست کردنی هەیکەلی مرۆڤ و ئاژەڵ شتێکی ڕەوا بووە و کەس بەرگری نەکردوە بەڵام پاشی هاتنی ئایینی ئیسلام و بە موسڵمان بوونی خەڵکی کوردستان ئیتر وەک شتێکی حەرام و نا مەشروع سەیری کراوە و ڕێگایان بە هونەرمەندان نەداوە بۆ ئافراندنی پەیکەر و ڕەسم, پتر گرینگی دراوە بە فۆرمە ئەندازیی و هەندەسییەکان.

ئەوەیتریان میراتە کەلتوورییە ئێتنیکیەکانە، وەک جۆری جل و بەرگ، جێژنی وەرزەکان کە پەیوەندی هەیە بە دەغڵ و دان و سەرما و گەرماوە، ژن هێنان و شوو کردن، مەرگ، ڕەقس و مۆسیقا و ...تاد. هەڵبەت ئەوانیش بە پێی گۆڕانی باری ژیانی مرۆڤەکان وردە وردە گۆرانکارییان بە سەردا هاتووە. ئاشکرایە خۆی ئەم جیاوازییانە، جوانیەکی داوە بە روخساری مرۆڤایەتی و بۆتە هۆکارێک بۆ دەوڵەمەند ی و جۆراوجۆری.

**ئێمە کە باس لە میراتی کلتووری دەکەین، چۆن باس لە میراتی کلتووریی کورد دەکەین؟ میراتە کلتوورییەکانی ئێمەی کورد چین و کامانەن؟**

کوردیش وەک تەواوی نەتەوەکانی ئەم جیهانە ، لە باری چاند و کەلتوورەوە کۆمەڵێک تایبەتمەندی خۆی هەیە . (هەڵبەت ئەوە بڵێم کورد لە ڕەوتی بەرەو بە نەتەوە بووندایە ) کورد پتر لە شوێنێکی جۆگرافیایی تایبەت دەژی کە زۆر وێک دەچێ؛ واتە دەتوانین بڵێین کورد و چیا دوو ڕەهەندی لێک جیا نەکراوەن . هەر خۆی ئەوە بۆتە هۆکارێک بۆ ئەوەی گرینگی بدات بە پرسی ئاژەڵداری ، کۆچکردن و شوانکارەیی بوون و ...تاد . دیارە ئەمە کۆمەڵێک تایبەتمەندی دروست کردووە بۆ ئەوەی ئەو کوردەی وا لە دەوروبەری چیاکانی کەفکاز دەژی، دەگەڵ ئەوەی وا لە بناری شاخەکانی شاهۆ و دالاهۆ یان دێنایە جیاوازیەکی ئەوتۆیان نەبێت . پێویستە ئەوەش بێژم زۆربەی میراتە کەلتوورییە زیندووەکان لە لایەن ڕەوەند و کۆچبەرەکانۆ پارێزراوە. ئەگەر کورد بە نەتەوە دابنێین ، ئەوا ئێمەش وەک نەتەوەکانی تری سەر ئەم زەوییە خرە، دوو جۆر میراتمان هەیە ، میراتی مردوو و میراتی زیندوو . میراتی مردووم تا ڕادەیەک بۆ باس کردن ، میراتە زیندووەکان ئەوانەن وا بە تێپەر بوونی زەمانیش لە رووی پێویست بوونەوە درێژە بە ژیانی خۆیان ئەدەن . دروست کردنی هەمە جۆرە راخەر ( لباد ، فەرش و بەڕە و ...) جاجم و پۆپەشمین و جۆری جل و بەرگ و چۆنیەتی دروست کردنی خانووبەرە ، کەرەستەی جۆراوجۆری ناو ماڵ و هێندێک لە یاری و کایەکان و ئامێرەکانی مۆسیقا و هەر خۆی مۆسیقاش . روونە گشت نەتەوەکانی جیهان ئەو شتانەی باسمان کرد ئەوانیش هەیتیان بەڵام جیاوازییەک کە دروست دەبێت لە باری ئێستاتیکاییەوەیە . ئێستاتیکای کوردێک دەگەڵ ئێستاتیکای ئارەبێک زۆر جیاوازە ، تەنانەت دەگەڵ فارسێکیش کە لە باری ئێتنیکیەوە لێک نزیکن هەر جیاوازە. ئێوە بڕواننە شێوازی ئاخاوتنی فارسان کە چۆن وشەکان دەکێشنەوە و ئاهەنگی پێ ئەدەن ، هەر بەو چەشنەش لە دروست کردنی بیناشدا فۆرمی کەوانی بەکار دێنن وەک «گومبەز ، تاق و هەیوان و ...» . لە راخەرەکانیشاندا ئەگەر سەرنجتان دابێت ،هێڵی شکاو زۆر کەمە بە پێچەوانە تا خوا حەزکا فۆرمی حەلەزوونی و ئسپیرال بە کار دێنن. بەڵام کورد فۆرم و مۆتیڤی شکاو و هێندسی و گۆشەدار بەکار دێنێت ،هەر وەک خانووەکانمان کە ئەڵێی زیگۆراتەکانن وەک خانوەکانی ناوچەی هەورامان . دیتووتانە ئەمانە خۆیان تایبەتمەندین، جۆری ئاخاوتنیشمان هەر لە سەر هێڵی شکاوە، بە تایبەت کوردەکانی باکوور.

**خوێندنەوەتان بۆ گرینگی و کاریگەریی میراتی کلتووری نەتەوەیەک لە پرۆسەی بە نەتەوەبوون و بە دەوڵەت بوونی دا چیە؟ ئەو بابەتە چۆن لە گەڵ پرۆسەی بە نەتەوەبوونی کورد دا باس دەکەن؟**

ئەگەر میراتە کەلتووریەکان وەک بەڵگەنامە سەیر بکەین دوو جۆرن: ئا- بەڵگەی منقول واتە ئەوانەی هەڵ دەگیرێن و ئاسان دەکرێ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بیگوازینەوە و دەگەڵ خۆماندا هەڵیانگرین وەک ئەوانەی لە سەر قوڕ، چەرم، لاپەرە و کاغەز دەنووسرێن یان نووسراون و دەتوانین مودەعی ئەوە بین کە وا ئەو شوێنەی تێیدان هی ئێمەیە و خاوەنی ئەوین پێشانی دادگا یان هەر شوێنکی تری بدەین. ب- بەڵگەی غیر منقول، واتە ئەو بەڵگانەن وا ناگوازرێنەوە و قورسن و رێی تێناچێ هەڵگیرێن، بەڵام لە باری مێژوو، ئێستاتیکا، هێما زۆر رەگەزی ترۆ دەناسرێنەوە کە پەیوەستن بە چ نەتەوەیەکەوە وەک شوێنەوارە کەوناراییەکان، کەلات (قەڵا) و بەردە تاشراوەکان جا چ لە ژێر هەرد دا بێت یان لە سەر ڕووبەری شاخێک، هیچ جیاواز نییە. بۆیە زۆر جار نەتەوەیەکی دەسەڵاتدار بە سەر نەتەوە یان نەتەوەکانی تردا هەوڵی سرینەوەی ئاسەواری نەتەوە بن دەستەکانی ئەدات، بە هەموو شێوەیەک. لە بەر ئەوە بە باوەری من راگرتن و پاراستن و هایدار کرنی خەڵکی سەبارەت بە مەترسی لە ناوچوونی ئەم بەڵگانە ئەرکی سەر شان و ملی ئێمەیە وە هەروەها دروست کردنی شوناس (معرفه) بۆ ئەوەی نەتەوەیە ک ببێت بە دەوڵەت زۆر گرینگ و پێویستە . ئەو نەتەوانەی کە لە سەدەکانی پێشودا باڵادەست بوون زۆر شانازییان بەوە دەهات باس لە رابردووی پرشەنگداری خۆیان بکەن، بەردەوام ئەو سیمایەیان بە گوێی نەتەوەکیان دەدایاوە تا هێز و برستێکی تازەیان پێ ببەخشن و هانیان بدەن بۆ بەرەو پێش وەچوون. ئەمە خاڵێکی زۆر گرێنگە وەک ئالمانییەکان، ئیتالییەکان و ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران، بە جێژنەکانی ٢٥٠٠ ساڵە دەیهەویست ئەو کارە بکات . «کاسیریەر» لە نوسراوەکانی خۆیدا و لە کتێبی ئستورەی دەوڵەت بە تایبەت باسی ئەم تەوەرەی کردووە .

**ئایا میراتە کلتوورییەکان تەنیا بایەخی مەعنەوییان هەیە یان دەکرێ لە گۆشە نیگای ئابووری و ماددیشەوە سەیریان بکرێ؟**

باسی باری معنەوییە کەم لە پرسیاری پێشوودا کرد، کە بۆ ئەوەی نەتەوەیەکی مردوو زیندوو کەیتەوە پێویستیت بە کۆمەڵێک سەرکەوتن و شانازیەکانی رابردوو هەیە ،بۆ ئەوەی میللەت بەخۆیدا بێتەوە و ئەو پرسیارەی لا درووست بێت کە بۆ چی و لە کوێرا خۆی دۆراندووە ؟! واتە لە باری خەسارناسیەوە شی و شرۆڤە بکرێت. بەڵێ زۆر پێویست و زۆر گرینگە . هەروەها لە لایەنی ئابووریشۆ گەلێک سوودمەندە . خۆی هاتنی توووریزم بۆ ئەم وڵاتانە وا میراتی باوک باپیرانین هێشتۆتو و پاراستوویانە و بوونەتە مۆزەخانەیەکی گەورە ، سەرمایەیەکی ماددی زۆریش راکێش ئەکەن بۆ وڵاتەکەیان .

**جەنابتان چۆن باس لە سیاسەتی مامەڵەی داگیرکەرانی کوردستان لە گەڵ سامان و میراتی کلتووریی نەتەوەی کورد دەکەن؟**

بەراستی شوێن نەماوە ، جێ نەماوە نەیدەنەوە بە دووی زێر و زێو دا ؛ مەخابن ئەو کەسانە کە شوێنە کە ئەدەنۆ لەبەر ئەوەی ئاگاداری وەزعەکە نین کاتێک تووشی ئەو شتەنایەن کە وا بەدوویەوەن ،بە تێکدانی شوێنەکە و دەورو بەر داخی دڵیان دەرێژن . زۆر لەوانەیە دیزەو گۆزەکەی دەوروبەر بە نرختر بێت تا زێر و زێوەکە .!

بووشە دەسکی خەنجەرێک کە نووسراوە یان شێوەی ئاژەڵێکی پێوە بووە ، کەسەکە بە نرخی نەزانیوە بەس لەبەر زێرەکەی تواندوویەتی .هیچ گومانی تێدا نییە لە هەموو ئەو جێیانە دەستی چەپەڵی کاربەدەستانی کۆماری دژە ئینسانی ئیسلامی تێدایە . تەنانەت ئەگەر پرسیار لە خەڵکی ئەو گوندانەش بکەن وا شتی لێ دۆزراوەتەوە ،کە چۆن شەوانە ماشینی بەرپرسان و کاربەدەستان حکومی و سپای پاسداران و ...تاد خەریک و سەرقاڵی دانەوە و دزی لە سامان و سەرمایەی نەتەوەی کوردن و تێکدان و لەناو بردنیشی بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن .!! لە راستیدا ،گریانم دێ ،جێنەماوە تێکی نەدەن ،شوێن نەماوە نەیرووخێنن ،شت نەماوە نەیدزن و نەیفرۆشن . بەداخۆ خۆشمان لەم کارەدا دەستمان هەبووە و هەیە

**لە ساڵانی رابردوودا زۆر جارمان بیستوە کە شوێنەوارە مێژووییەکان کوردستان دراونەتەوە و بە تاڵان چوون، یان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە کاول کراون و خاپوور بوون، سەرەڕای سیاسەتی روونی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا، ئەدی پێتان وا نیە کە نەتەوەی کوردیش باش لە میراتی کلتووری خۆی تێ نەگەیوە و نایناسێ و گرینگیی خۆی پێ نەداوە؟**

ئەمانە گشتی بەڵگەی بوونی ئێمەن لە سەر ئەم وڵاتەی وا تێیدا دەژین، ئەوانە شوناس و پێناسەی ئێمەن ، وەک چۆن کەسێک کارتی پێناسەی هەیە و دەڵێت ئەوە منم ، ئەو شوێنەوارانەش بەڵگە و پێناسەی میللی و نەتەوەییمانن. لە شەری یەکەم و دووهەمی جیهانی دا ، شاری پاریس کەوتە بەر هێرشی درەندانەی مووشەک و تۆپ و بۆردمانی بەردەوامی ئالمانیەکانەوە و مەترسی ئەوە هەبوو کە شوێنەوارەکانی شاری پاریس تێدا بچن ، خەڵکی شاری پاریس لە بەر ئەوەی تێگەیشتوو بوون ئەو گۆنی و تەلیسانەی وا لەبەر ماڵەکانی خۆیان دایان بوو بردییانە بەر تاقی نوسرەت ( تاقی سەرکەوتنی ناپیلیۆن ) و ئەوییان پێ پاراست، واتە ئامادە بوون خۆیان تێدا بچن بەڵام یادگارەکان و شوێنە وارە دێرینەکانیان تێدا نەچێت! ئەوە تێگەییشتنی دەوێت. بەڵام بە داخ و کەسەرێکی زۆر و بە هۆی تێنەگەییشتن و نەزانین، خۆمان کار ئاسانی دەکەین بۆ دوژمنانمان. هەڵبەت لەو نێوەشدا کەسانێک هەن فەرمان لە گەورەکانیان وەردەگرن و بە نەخشە و پلان کار دەکەن بۆ لە ناو چوونی ئاسەوار و شوێنە دێرینەکان. دەبێ ئێمە بزانین کە ئەوە سامانی نەتەوایەتیمانە و هی کەسێک یان کەسانێکی تایبەت نییە ، ئەوە ملکی خەڵکە و هەموانیش لە راگرتن و پاراستنی ئەم سامانە بەرپرسن. کەمتەرخەمی لەمبارەدا دوژمنایەتییەکی ئاشکرایە سەبارەت بە لە ناوچوونی میراتی نەتەوایەتی. ئەو کەسانەی وا پاساوی ئەوە بۆ کارە نارەواکانیان دێننەوە «ئەگەر ئێمەش نەیکەین ، ئەوا کەسانی دی دەیکەن». بەڕای من ئەوپەڕی خیانەتە و دەبێ بە زووترین کات پێشیان پێبگردرێت و سەزا بدرێن؛ چۆن لە بەر قازانج و بەرژەوەندی کەسانێک، میللەتێک تووشی خەسار بێت .!!

**مامۆستا نامۆ وەک دوایین پرسیار، ئەرکی پاراستنی میراتی کلتووری و شوێنەوار و ئاسەوارە مێژووییەکانمان کە بەشێک لە شوناس و پێناسمانن، لە ئەستۆی کێیە؟**

پێویستە ئەوەمان لە بیر نەچێت ،هەر چالاکییەک کە ئەمڕۆدەیکەین پەیوەستە بە رابردوویەکەوە ، لانیکەم بۆ ئێمەی کورد وایە بەڵام بە هۆی ئەوەی رابردوانمان نەهاتوون مێژوومان بۆ بنووسنەوە، لە میمۆری مێشکماندا دابڕانێک دروست بووە. ئێمە نەتەوەیەکین بە هەزاران ساڵە لە شوێنی باوک و باپیرانمان دەژین و هێرش و پەلاماریشمان بۆ وڵاتی کەس نەبردووە، بەڵام پەلاماریان بۆ هێناوین و خاک و وڵاتیان لێ زەوت کردوین و دەیکەن . لە سەردەمی گوتییەکانەوە بیگرە تا دەگاتە مادەکان و هەنووکەش ئێمە لە سەر وڵاتی خۆمانین ، پێویستە لە سەر مێژوو و میراتمان بدوێین و لیکۆلینەوەی لە سەر بکەین . یەکێکی تر لە مەترسییەکان سرینەوەی شوناسی کورد لە سەر نیشتمانەکەیەتی ،کە مێژووەکەی بەقەرای خودی مێژووە . داگیرکەرانی وڵاتمان بە گۆڕینی ناوی شوێنەوار و گوندەکان بۆ سەر ئارەبی ، تورکی و فارسی ،چەندین مەبەستیان بووە کە لە هەموویان گریگتر ئەوەیە بوونی ئێمە وەک شوناس لە سەر وان بسڕنەوە . زۆر بە پێویستی دەزانم ئەو ناوانە بگەرێنەوە سەر ناوە رەسەنەکانی خۆیان ، چونکوو لە رووی ئەوانەوە زۆر شوێنی مێژوویی و کەوناراییمان بۆ ئاشکرا دەبێت . گرینگترین پلە لە میراتی کەلتووریدا ، پیدانی پێناسەی نەتەوایەتییە «. یادی بەخێر باوکم هەمیشە ئەیفەرموو: رۆڵە گیان هەرگیز لە بیرت نەچێت ،راگرتن زۆر ئەستەمترە لە گرتن» . ئێستا کە ساڵانێکی زۆر لەو کاتە تێپەرێوە ،من لە مەبەستەکەی باوکم باشتر تێگەیشتووم. هەرچەند باوکم پتر مەبەستی راگرتنی ئەو شتانە بوو وا لە پاش خۆی بۆ ئێمەی بەجێ دەهێشت .

بەراستی وایە من بەو فەرموودەی باوکم بەس وشەیەکی پێزۆر دەکەم :راگرتن و پاراستن زۆر ئەستەمترە لە گرتن . لە بۆ پاراستن و راگرتن ئەم خاڵانە پێویستن: ئا- لە ئاستی تەسک ، مام ناوەندی و گشتگیر. پێویستە پلانمان هەبێت تا لەم رووپەوە کۆمەلانی خەڵک لە تەک گرینگی و هەستیاری میراتی کەلتوورییان ئاگادار بن و هەروەها ئاشنایان بکەین دەگەڵ کۆمەڵگا نوێیەکانی جیهان . لە ئاستی تەسکدا پێویستە تاک تاکی کەسانی بنەماڵە ئاگادار بکەینەوە و هەر لەوێرا دەسپێبکەین ، پاشان مەدرەسەکان – لە ئاستی مابەیندا لە گرووپە کانی ناو کۆمەڵگا و هەروەها رێکخراوە مەدەنیەکان ، رێکخراوە میری و حکومیەکان ئاشنا بکەین وێرای دەور و گرینگیان و ناساندنیان بە کۆمەڵگای جیهانی . لە ئاستی گشتگیریشدا ، بەرێوەبەرانی سەرەوەی کۆمەڵگا پێویستیان بە پلانێکی نووسراو و کارناسانە بۆ پاراستنی میراتی کەلتووری دەبێت. جابۆ پاراستن و راگرتنی میراتی کەلتووری، دەکرێ ٥ قۆناغ دیاری بکەین :

١- فێر کردنی گشتی لە ڕێگای دەنگ و ڕەنگ (تی.وی) ،ئینتێرنێت ، گۆڤار و رۆژنامەوە.

٢- فێرکردنی پسپۆرانە لەئاستی ناوەندی ، دواناوەندی و زانکۆ .

٣- فێرکردنی هونەرەدەستیەکان، کە ١٥٠ ماددەی هونەری کەلتووری لە خۆ دەگرێت .

٤- فێرکردن لە کاتی راژە (خزمەت) دا ،بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی کارمەندانی میراتی کەلتووری و ئەو کارمەندانەی وا حەزیان لە فێربوونە لە رێکخراوەکانیتردا.

٥- فێرکردنی هێزی پاسەوانی تایبەت، پۆلیس، ئەنجومەنی شار و گوندەکان و کارمەندانی گومرووک.

ب)- بەشداریدانی کۆمەڵانی خەڵک لە بۆ راگرتن و پارستنی میرات و کەلتوور و بەرز نرخاندنی لە ڕێگای دابین کردنی هەل و مەرجەکانی ئەم بەشداریکردنە .

ج)- ئەنجامی توێژینەوەی بنەڕەتی و زانستیانە و کارا هەروها گەشە پێدان لە بوواری میراتی کەلتووری و دۆزینەوەی هۆوهۆکارگەلی نزمکردنەوی بایەخەکانی میراتی کەلتووری و لە ناوچوونیان و پێشکەشکردنی ڕێگاچارە بۆ بەرزنرخاندنی لە ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگادا .

د)- وتەی ئاخریشم ئەوەیەکە ڕەوتی بە جیهانیبوون شتێکە نکۆڵی لێ ناکرێت ، لێشی دەرباز نابین . جا لەبەر ئەوە باشترە بێین بارودۆخێکی گونجاو بۆ دروستکردنی بیرۆکەی ئایدیال و لۆژیکانە لە ناو کۆمەڵگا ئامادە بکەین ؛ ئەمە هەنگاوێکی گرینگە بۆ مەبەستەکەمان .

# بنەما تئۆرییە . فەلسەفییەکانی دێموکراسی

(بەشی سێهەم)

زانیار ئەحمەدی
و. تەها رەحیمی

لەبەر ئەوەی کە بنەماکانی دێموکراسی لە پۆلێنبەندی کردنی دێموکراسییەکانداو هەروەها هەڵسەنگاندنی مودێلەکانی دێموکراسیدا زۆر گرینگن، لەو بەشەی باسەکەماندا کۆمەڵێک لەو پڕەنسیب و توخمانەی لەگەڵ توێژینەوەی سەرەکیمان دەگونجێن، لە ژێر ناوی بنەما فەلسەفی-یەکانی دێموکراسی دەخەینە بەرباس و تاوتوێ.

دێموکراسی چ وەک شێوە ژیانێکی سیاسی و چ وەک ئامرازێک بۆ حکوومەت کردن، لەسەر بناخەی پڕەنسیب و بنەما دامەزراوە. زۆربەی فیلسوف و بیرمەندانیش لەدێموکراسی دا ئەو بنەمایانەیان مەبەستە. خاوەنرایانی سیاسی و فیلسوفەکان لە بۆچوون و تئۆرییەکانیان دا نیشانەو بابەتە بنەڕەتی و هزرییەکانی دێموکراسییان خستۆتە بەر رەخنەو هەڵسەنگاندنی خۆیان. رەسەنایەتیی تاکەکەسی، ئازادی، رەسەنایەتیی یەکسانی مرۆڤەکانن، رەسەنایەتیی ئاوەز، ئەسڵی حاکمییەتی خەڵک، رەسەنایەتیی قانوون و جەخت کردن لەسەر مافە سروشتی، مەدەنی و سیاسییەکانی مرۆڤ، گوورانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەسڵی رەوایی بوون لەسەر بنەمای رەزامەندیی خەڵک، ئەسڵی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، مرۆڤدۆستی، جیایی دین لە سیاسەت، رێژەگەرێتی و.. لەو جۆرە بنەما و پێوەرانە دەژمێردرێن. گرینگیدان بە بنەماکانی دێموکراسی و جەخت کردنەوە لەسەر یەکێک لە نیشانەکانی وەک ئازادی یان یەکسانی دەتوانێ مۆدێلی دێموکراسیی جیاوازی لێبکەوێتەوە. بۆ وێنە چڕ بوونەوەی دێموکراسی لەسەر یەکسانیی ئابووری وەک بناخەی یەکسانیی سیاسی، دێموکراسی لیبراڵ لە دێموکراسی کۆمەڵایەتیی هەڵداوێرێ. مەکێنزی لەسەر ئەم بڕوایەیە کە ئابووریی سەرمایەداری زیاتر لەگەڵ دەوڵەتە دێموکراتیکەکان دەگونجێ و لە بواری مێژووییشەوە پرۆسەی سروشتی یەکانگیری نێوان ئەم دووانە لەلایەن خاوەنرایانی لیبڕالەوە بیرخراوەتەوە. لە بەرامبەردا نووسەرانی رێبازی سوسیالیزم لە هەمان کاتدا کە هەبوونی پێوەندی لە نێوان لیبراڵیزم، سەرمایەداری و دێموکراسی دا رەدناکەنەوە بەڵام پێیان وایە کە پێویستی گوورانی مێژوویی دامەزراوە دێموکراتیکەکان لەوە دایە کە سەرمایەداریی لیبراڵ بخرێتە ژێر کونترۆلی کۆمەڵێک رێوشوێنی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە. سوسیال دێموکراتەکان چاکسازیی هەنگاو بە هەنگاوی سیاسی و ئابووری و میکانیزمی نوێنەرایەتیی پارلمانییان پەسند کردوە. (مکنزی و دیگران،٢٠١:١٣٧٥)

کەواتە بە مەبەستی زیاتر تێگەیشتن لە دێموکراسی و پاڵنەرەکانی، گرینگترین پێوەرە فەلسەفییەکانی دێموکراسی شی دەکەینەوە. لێرەدا بە کورتی لەسەر ئەو چەمک و دەستەواژانەی کە بنەماکانی دێموکراسی پێک دێنن دەدوێین.

### ٢:١.١ رێبازی گرێبەستی کۆمەڵایەتیی

یەکێک لە بنەما فەلسەفییەکانی دێموکراسی رێبازی رەسەنایەتیی گرێبەستی کۆمەڵایەتییە. پێشینەی تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی بۆ بیرمەندانێکی وەک هابز، بندیکت، دوا سپینوزا، جان لاک، ژان ژاک رۆسۆ، ئیمانوئیل کانت دەگەڕێتەوە. پەڕینەوە لە دۆخی سروشتی ( دۆخی بەر لە پێکهێنانی حکوومەت) بەرەو دۆخی مەدەنی لەسەر بنەمای گرێبەستی کۆمەڵایەتی روون دەکرێتەوە. چەمک و دەستەواژەکانی ئاسایش، مافی ژیان، ئەسلی خاوەندارێتی و ئازادی، ویستی گشتی، کۆمەڵایەتیی بوون و نەبوونی مرۆڤ، لەو رێبازە هزرییەدا دەکەوێتە بەر توێژینەوە و تاوتوێ. لەم روانگەیەوە چاوخشاندنەوە بەسەر رەوتی گۆڕانی واتایی دێموکراسی لە هابزەوە تا کانت، دەتوانێ لە ئافراندنی واتایەکی نوێ و پتەوکردنی بناخەی دێموکراسی بە کەڵک بێ.

بە پێی بیرۆکەی هابز( ١٥٨٨-١٦٧٩) لە دۆخی سروشتی دا بە هۆی ترس و خۆویستی، مرۆڤەکان، هەموو دژی یەکن و «ئاشکرایە کاتێک هێزێکی هاوبەش بوونی نەبێ کە مرۆڤەکان لێی بترسێن، خەڵک لە دۆخێک دا دەژین کە دۆخی شەڕی پێ دەوترێ... واتا ئەو زەمەنەی هەموو دوژمنی یەکترن» ( جونز، ١٣٧٦- ب:١٢٤)

بەڵام مرۆڤ بە پێی قانوونی سروشتیش، بوونەوەرێکی خاوەن ئاوەزە. بەم هۆیەوەیە مرۆڤەکان لەسەر بنەمای پرەنسیپی و گوازتنەوەی دوولایەنەی ماف ( اصل انتقال متقابل حق)، گرێبەستێک بە مەبەستی پاراستنی ئازادی و مافەکانیان لەگەڵ یەکتر واژوو ئیمزا دەکەن و بە پێی ئەم گرێبەستە لە بەشێک لە مافەکانی خۆیان بە مەبەستی بەرقەراری ئاشتی و پاراستنی زۆربەی مافەکانیان چاوپۆشی دەکەن. چونکی بە پێی ئەو «پەیمانە» هەر چییەک نێوانمان تێک بدا لێمان قەدەخەیە. (جونز ١٣٧٦- ب:١٣٥) . مرۆڤەکان بە پێی رێککەوتن، لە نێوان خۆیاندا دادوەرێک هەڵدەبژێرن کە ئەو داوەرە هەمان دەوڵەت، یان بە زاراوەی هابز، «لویاتان»ە. ئەو پەیمانانەی کە ئازادییە جۆراوجۆرەکانی تاکەکان دەخاتە چوارچێوەی ویست و ئیرادەیەکەوە بەم شێوەیەیە، من مافی فەرمانڕەوایی سەر خۆم بەو پیاوە یان ئەو ئەنجوومەنە دەدەم. بە مەرجێک تۆش ئەو مافەی پێ بدەی.. لەم روویەوە، ئەو کۆمەڵە کەسەی بەم جۆرە لە چوارچێوەی تاکێک دا یەکدەگرن، دەوڵەت یان کۆمەڵگەی سیاسی پێک دێنن و.... لویاتانی گەورە دەردەکەوێ... کە ئێمە.. ئاشتی و تەناهی خۆمانی پێ قەرزدارین...(جونز، ١٣٦٧- ب:١٥٠) لە روانگەی جان لاک(١٦٣٢- ١٧٠٤)ەو مرۆڤەکان بە مافی ئازادی تەواوەوە لە دایک دەبن و هەر تاکێک لەگەڵ هەموو تاکەکانی دیکەی دنیا یەکسانە تا ئەو کاتەی تەنیا کاتێک کۆمەڵگەی سیاسی پێک دێ کە هەموو ئەندامەکانی چاوپۆشی لە مافی سروستی خۆیان دەکەن و بە کۆمەڵگەی دەسپێرن . بۆ ئەوەی کە لە هەر دۆخ و رەوشێک دا بتوانن بۆ گەیشتن بە مافەکانیان پشت بەو قانوونە ببەستن کە ئەو کۆمەڵگەیە دایدەنێ، کەواتە کۆمەڵگەی سیاسی یا مەدەنی بە کۆبوونەوەی کۆمەڵە تاکێک لە دەوری یەکتر چێ دەبێ کە واز لە مافی( سروشتی) خۆیان دێنن و ئەو مافە بە نوێنەری ئیرادەی گشتی دەسپێرن . ( جونز ١٣٧٦- ب:٢٢١- ٢٢٢) بە پێی بۆ چوونی لاک ئەگەر خەڵک رازی بەو یەکگرتنە بوون، دەوڵەتێکی ئەخلاقی و قانوونی و دادپەروەر دادەمەزرێ و ئەگەر پێی رازی نەبوون دەتوانن هەڵیوەشێیننەوە و دەوڵەتێکی دیکە دامەزرێنن.(جونز،١٣٧٦- ب:٣٣٥)

لاک لە درێژە دا دەڵێ: کۆمەڵگە سیاسییە دڵخوازەکان لەسەر ویستی تاکەکان پێکهاتوون و خەڵک فەرمانڕەوایان هەڵدەبژێرن و شێوازی حکوومەتی خۆیان دیاری دەکەن.

گومانی تێدا نیە بناخەی ئەو حکوومەتانەی بە شێوەیەکی ئاشتیانە دامەزراون پشت بە رەزامەندی و رێککەوتنی خەڵک دەبەستن .(لاک،١٣٨٧:١٥٤) ناوبراو لەسەر ئەمە جەخت دەکاتەوە کە هەموو مرۆڤێک بە شێوەی سروشتی ئازادەو هیچ هێزێک جگە لە ویست و رەزامەندیی خۆی ناتوانێ ملکەچی هیچ هێزێکی زەوینی بکا.(لاک، ١٣٨٧:١٥٨)

ژان ژاک رۆسۆ کە وتارەکەی بە گرێبەستی کۆمەڵایەتیی ناودێرە، زۆر کەوتۆتە ژێر کاریگەریی بیرو بۆچوونەکانی جان لاک. بەو حاڵەشەوە بە پێی وتەی جۆنز، لیبڕاوترین پرسێک کە رۆسۆ لەگەڵی بەرەوروو بووە، پرسی رەزامەندییە. رۆسۆ لە کتێبی «گوتار» دا، دۆخی سروشتی(سەرەتایی) بە کامڵترین دۆخی دڵخوازی ژیانی مرۆڤایەتی دەزانێ. کەواتە لە روانگەی رۆسۆوە، دۆخی مەدەنی و ژیانی کۆمەڵایەتی، بە شێوازێکی نزمتر لە ژیانی مرۆڤ دەژمێررێ. (جونز، ١٣٧٦- الف:٣٣٧) ناوبراو لەسەر ئەم بڕوایە بوو کە رێگەچارەکەی لاک پێویستی بە هێندێک چاکسازی هەیە بۆیە لەم بوارە دا چەمکی ویستی گشتی دێنێتە گۆڕێ. ئەم مەسەلەیە زۆر بە قووڵی روانگەی ئەوی لە پێوەندیی لەگەڵ پێوەندیی تاکەکان لەگەڵ یەکتر گۆڕی. بە پێی ئەم روانگە نوێیە» قازانجێکی هاوبەش هەیە کە بۆ پێکهێنان و دەستەبەرکردنی، هەموو مرۆڤەکان دەتوانن و دەبێ هەوڵی بۆ بدەن» . چونکی لە سایەی سەری ئەوەوە بە بەرزترین بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەگەن. تئوریی گرێبەستی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای راستییەکی مێژوویی بینا نەکراوە. بەڵکوو تیورییەکی ئەخلاقی و خەیاڵییە. رۆسۆ لەمبارەوە دەڵێ: پێویستی بەوە نیە کە واقعییەتێکی مێژوویی بووبێ، بەڵکوو واقعییەتێکی ئەخلاقی¬یە (جونز، ١٣٧٦ ـ ئەلف: ٣٥٠) لە روانگەی رۆسۆوە نێوەرۆکی ئەم گرێبەستە کۆمەڵایەتییە بەمجۆرەیە:

هەرکام لە تاکەکان، هەموو ژیانی بە گشت مافەکانییەوە بە کۆمەڵگە دەسپێرێ. یەکەم چونکی هەر تاکێک هەموو ژیان و بوونی خۆی بە کۆمەڵگە دەسپێرێ، کەواتە دۆخی ژیان بۆ هەمووان وەک یەکە و دوویەم چونکی دۆخی ژیانی هەمووان یەکسانە، لە خێروبێری کەس دا نییە سەرودڵی کەس بگرێ. هەروەها چونکی تاکەکان بێ هیچ مەرجێک لە مافەکانیان چاوپۆشی دەکەن، پتەوترین یەکگرتن دێتە ئاراوە کە واتە بە کورتی گرێبەستی کۆمەڵایەتی بریتییە لە:

هەر کام لە ئێمە بوون و دەسەڵاتی خۆمان لەژێر رێبەرایەتیی بەرزی ئیرادەی گشتی دا بەکار دێنین و هەر ئەندامێکیش وەک بەشێکی جیانەبۆوە لە گشت قبوول دەکەین.

دوابەدوای بەستنی گرێبەست کۆڕێکی گشتی یان کەسایەتییەکی ئەخلاقی و هاوبەش پێک دێ کە جێی هەرکام لە تاکەکان دەگرێتەوە. ئەو کۆڕە گشتییە کە بەمجۆرە لە رێگەی یەکگرتنی هەموو تاکەکانەوە پێک دێ، لەسەردەمی کۆندا بە شار ناودێر کراوە، بەڵام هەنووکە کۆمار یان شاندی سیاسی پێدەوترێ. سەرجەمی تاکەکانی پێکهێنەریشی، خەڵکی پێ دەوترێ. (جونز، ١٣٧٦ ـ ئەلف: ٣٥١)

جونز لە کتێبی «بیرمەندانی ئەندێشەی سیاسی»دا دەڵێ: لاک لە شیکردنەوەو روون کردنەوەی تیۆری گرێبەستی خۆیدا لەوپەڕی سادەییدا و رەنگە بەرێکەوتیش بێ، یەکێک لە جیددیترین پرسەکانی پێوەندیدار بە کۆمەڵگە دێموکراتیکەکان دەخاتە بەرباس و تاوتوێ. لە بواری تیۆرییەوە دیموکراسی لە کۆمەڵگەیەک دا بوونی هەیە کە سەرجەمی تاکەکانی لە حکوومەت دا بەشدار بن. بەم پێیە لە دیموکراسی دا دەبێ سەرجەمی هاوولاتیان لە کردەوەکانی دەوڵەت رازی بن و بۆی لە مل بدەن. لاک لە سەر ئەم بڕوایەیە رەزامەندیی تاکەکان بە واتای رەزامەندیی هەموو هاوولاتیان نیە، بەڵکوو بەواتای رەزامەندیی زۆرینەیە. لە راستیدا رەزامەندیی زۆرینە لە ویستی زۆرینەدا دەردەکەوێ. بەڵام لاک خۆی لەم بابەتە نەداوە کە زۆرینە لە دێموکراسی دا دەتوانێ بەڕادەی کەسێک کە زۆری لە هەموو خەڵک دەکا، دەسەڵات دژی کەمینە بەکار بێنێ. (جونز، ١٣٧٦ ـ ب: ٢٢٥-٢٢٤)

بەپێی تئۆریی گرێبەستی کۆمەڵایەتی، دەوڵەت بەرهەمی گرێبەستی عەقڵانیی تاکەکانە، لە ئاکام دا شێوازی حکوومەتیش واتا دیموکراسی لە عەقڵانییەتەوە سەرچاوە دەگرێ. بە بڕوای رۆسۆ پەڕینەوە لە دۆخی سروشتی بەرەودۆخی مەدەنی، دادپەروەری و ئاوەز وەدی دێنێ. (جونز، ١٣٧٦ ـ ب: ٣٩٩)

ئەو پرۆسەیە لەسەر بنەمای ئەسلی رەزامەندیی پشت ئەستوور بە رێککەوتن دامەزراوە. ناوبراو لەسەر ئەم بڕوایەیە: «چونکە هیچ کەسێک بە شێوەی سروشتی مافی فەرمانڕەوایی کردنی بەسەر کەس دا نیە و زوڵم و زۆریش ئافرێنەری هیچ مافێک نییە، کەواتە رەزامەندی و رێککەوتنی تاکەکان بە بنەمای هەموو حکوومەتە رەواکان دەژمێردرێ». (جونز، ١٣٧٦ ـ ب: ٣٤٨) چونکی بە شێوەی سروشتی هەموو مرۆڤەکان ئازد و یەکسان و سەربەخۆن، ناتوانین هیچ کەس لە مافە سروشتییەکانی بێبەش بکەین و بێ رەزامەندی خۆی بیخەینە ژێر دەسەڵاتی سیاسیی کەسێکی دیکەوە. تەنیا لە رێگەی رێککەوتنی تاکەکان بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەوە دەکرێ کەسێک چاو لە مافە سروشتییەکانی بپۆشێ و بێتە ژێر یاساو رێسای کۆمەڵگەی مەدەنییەوە. جونز پێی وایە کە نێوەرۆکی ئیرادەی گشتی رۆسۆش بووبە بنەمایەک بۆ دەرکەوتنی ئەو روانگەیەی کە لە بیروبۆچوونی بیرمەندانی دوایی دا لەژێر ناوی تئوری دەوڵەتی تۆتالیتر یا سەرەڕۆیی گشتگیر دا خۆی نواند. (جونز، ١٣٧٦- ب: ٣٣٦)

ئیمانوئیل کانت یەکێکی دیکە لە فیلسوفەکانی سەردەمی روووناکبیرییە کە لە بیروبۆچوونەکان دا بنەماکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتیی سی کردۆتەوەو پەرەی پێداون. ناوبراو ئەوە بە بەڵگە دێنیتەوە کە مرۆڤ بە پێی سروشتی کۆمەڵایەتیی بوونی، ناچارە لەگەڵ کۆمەڵگە هەڵ بکا.

بەڵام لەلایەکیشەوە یاساو رێسای ژیانی کۆمەڵایەتی، سەربەخۆیی و ئازادیی مرۆڤ بەرتەسک دەکاتەوە و لغاوی دەکا. کانت ئەو بارودۆخە بە «کۆمەڵگەی بە کۆمەڵایەتی نەبوو» ناو دەبا، کۆمەڵایەتییە چونکی پێداویستییەکانی مرۆڤ تەنیا لە کۆمەڵگەدا دابین دەبێ و کۆمەڵایەتی نەبووە چونکی کۆمەڵایەتیی بوون پێویستی بە تەکووزی ویستەکان و هاوئاهەنگی و هاوئاراستەییان لەگەڵ ویستی کەسانی دیکە هەیە. مرۆڤی کۆمەڵایەتی بوو مرۆڤێکە کە ویستەکانی خۆی لەگەڵ ویستی کەسانی دیکە رێک بخا کە ئەم قۆناخە بریتییە لە گواستنەوە لە خۆخوازیی سروشتی بۆ بە کۆمەڵایەتی بوونی مەدەنی. (مەحموودی، ١٣٨٨: ١٠٥) هەروەک باسکرا بە بڕوای کانت ئەسلی دژایەتی لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دا لە ئاکام دا دەبێتە بناخەی گەیشتن بە دیسیپلین و قانوون. ئەو قۆناخە لە راستی دا قۆناخی پەڕینەوە لە دۆخی سروشتی بەرەو شارستانییەتە. بە پێی ئەو شتانەی وترا، پێوانە و پێوەرەکانی ئەم رێبازە بە بناخەیەکی پتەو بۆ چێ کردنی دیموکراسی لە ئەندێشە سیاسییەکانی رۆژئاوا دەژمێردرێ.

# کاریکلماتۆر

وریا رحمانی

کاریکلماتۆر یەکێک لە شێوازە نوێیە ئەدەبییەکانە، کە بەتایبەت لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە و لە هەلومەرجی شەڕی سارددا لە نێو وڵاتە دیکتاتۆرییە ئایدیۆلۆژیکەکانی سەر بە بلۆکی رۆژهەڵاتدا پەرەی ئەستاند. وەک پێناسە دەتوانین بە جۆرێک لە کاریکاتۆری نووسراوەیی دابنێین کە ئامانجی سەرەکیی ئەوەیە کە لە کەمترین فەزادا و بە شێوازێکی هێمایی وردترین و توندترین رەخنەکانی خۆی ئاراستەی کۆمەڵگاکەی دەکاتەوەو لە هەمان کاتیشدا بە هۆی لەخۆدا هەڵگرتنی جۆرێک لە تەنزی سێبەری بەڵام ورووژێنەرانە بە درێژایی مێژووی ئەدەبیاتی سیاسیی ئەم جۆرە وڵاتانە زۆرجاران خۆی لە زۆریەک لە گیروگرفتەکانی سانسۆر و بەدواداچوونەوەی دەزگا لێکۆڵینەوەییەکانیش دەرباز کردوە. ئێمەی کوردیش لە بەستێنی پرۆسەی بەجیهانیبوون دا بەتایبەت لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە کەموزۆر لە زۆر بوار و هەلومەرجی تایبەتدا بە پێی توانا و بە گوێرەی پێویست کەڵکی خۆمان لەم شێوازە ئەدەبییە وەرگرتوە. هەرچەند کە لەبەر هەندێک هۆکاری تایبەتی و بابەتییشەوە هەوڵ و تاقیکردنەوەکانمان لایەنێکی کۆمەڵایەتیی دیکەی بەخۆیەوە گرتوە. شایانی باسە لەگەڵ ئەوەدا کە ئەمجۆرەی ئەدەبی وەک شێواز و تەکنیک و بەگشتی ئەگەر بتوانین وەک ژانرێکی ئەدەبی ناودێری کەین، لە راستیدا مۆدێلێکی خۆماڵی نییە و ئێمە وەک کورد و تەنانەت ئێرانییەکانیش لە ئەدەبیاتی وڵاتانی دیکەمان وەرگرتوە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە نەتوانین لە مێژووی ئەدەبیی خۆشمان دا نموونەگەلی شیاوی بۆ بدۆزینەوە. هەربۆیەش بە هەندێک تێبینییەوە دەکرێ لە بڕێک لە تاکبەیتەکانی شێواز (سبک)ی هێندی و تەنانەت ئەبوو میرزا و شێخ رەزاش دا سەرەهەوداکانی ئەم مۆدێلەی ئەدەبیاتی نوێ دەستنیشان بکەین.

لێرەدا هەندێک لە کاریکلماتۆرەکانی نووسەر و کاریکاتۆریستی بۆکانی «سەید یاسین قورەیشی» وەک نموونە هێنراوە کە رەنگە تا رادەیەکی گونجاو و باش بتوانن لەگەڵ ئەوەیدا چێژی بابەتییانەی خۆشمان هەبێ، وەک ناسین و نموونەش رەنگدانەوەیەکی ئەرێنی و خوازراو بخوڵقێنن.



**کاریکلماتۆرەکانی سەید یاسین قورەیشی**

- بۆوەی شیربایی نەدات، خێزانی لە سەر لانک گوێستەوە.
- رۆڵە چۆن دایکتم خۆش ناوێ، خۆ بە خێری بابم خۆشم ناوێ.
- لە تەمەنێ دا کە ژن پیر دەبێ و خۆی بە پیاو دەقەبڵێنێ، پیاو خۆی هاتۆتە ریزەی ژنان.
- پیاوەتی بکەن، کۆمەڵگایەکی ژن سالار سازکەین.
- بەڵێ نامزەدمە، بەڵام جارێ نامزەدی وەرگرتنی وامی ئێزدیواجە.
- تەڵاق، لێک جۆبوونەوەی لەتەکانی ئێزدیواجە.
- بەرگی جەریمەی دایکەوا، بەفرپاکون بە بەفرپاکونی منالەکانی بابە ئادەم ئەگەڕێ.
- لە سەبەدی خانەوادەدا جێی خانەوادە خاڵی.
- ژن دەیهەوێ «ئیملا» بڵێ، پیاو پێی خۆشە «ئینشا» بنووسێ.
- منداڵی هەژار، لەو کاتەوە کە دایکی باردار، بارە.
- گۆشتی کەڵێ کە ژن بیکڕێ، لە گۆشتی کەوێک کە پیاو بیگرێ زووتر دەکوڵێ.
- لەو چوار ژنەی کە دەبا بیهێنابا، تاقە ژنێکی بۆ نەهات.
- لە ساڵهاتی هەبوونی باوە ئادەم دا، خێزانی گوڵەگەنمێکی پێشکەش کرد.
- ژن، کتێب نیە پێش¬تر بیخوێنیەوە، دەفتەری بیرەوەرییە و دوایی دەنووسرێت.
- «عەسری تەڵایی» بووک کاتێکە کە لەگەڵ زاوا دەچێ بۆ کڕینی زێڕەبووک.
- تەنیا ژنێک کە لە مشک ناترسێ ژنی مشکە.
- بووکەخانی جیهان، قەیرەکچە.
- ئێزدیواج، ئاسمانی عەشقی دڵبەرو دڵدار بەقەرا میچی خانوویەکی کرێ نەوی دەکات.
- زۆر پیاو «زیندان» یان لە «زن + دان» پێخۆشترە.
- ژن، پاژنەی ئاشیلی پیاوە و زێر پاژنەی ئاشیلی ژن.
- هیچ عاڵقەی پێوەندییەک بە قامکی عاشق ناکا.
- بەداخەوە ئینسانی هەژار لە منداڵدا دەوڵەمەندە.
- لەدایک بوون بەمانای «کارتی عوزوییەت»ی ژیان نییە.
- زۆر کەس بە سووتانی کۆپێنی رۆنەکەیان دەکەونە «رەوغەن سووزی».
- بازار ئەوەندە داغ بوو، عارەقی رەش و شینمان دەردا، شتێکی هەرزانمان وەگیرنەکەوت.
- بۆ بەربەرکانێ لەگەڵ گرانی، گیرفانمان پڕ لە چەمۆڵە بکەین.

# (کەوا سوورەی بەر لەشکری بێگانان)

## ئیبنی ئەسیر ئەو زانا کوردەی خزمەتی بێگانانی کرد:

ئا: رەسووڵ سوڵتانی

بە داخەوە، بە درێژایی مێژوو بیرمەند و زانا و نووسەر و داهێنەر و پاڵەوان و سوارچاکی هیچ میللەتێک هێندەی زانا و نووسەر و داهێنەر و پاڵەوانانی نەتەوەی کورد خزمەتی بێگانانی نەکردووە. ئەوەندەی کەسانی شارەزا و زانای وەکوو (ئیبنی خەلەکان و دینەوەری و ئیبنی ئەسیر) خزمەتەتی ئەدەبیاتی عەرەب و ئەوەندەی (رەشیدی یاسەمی و جەلالەدینی کەزازی و محەممەدی قازی) خزمەتی ئەدەبی فارسیان کردووە، ئەگەر تواناکانی خۆیانیان بۆ خزمەتکردن بە ئەدەبیاتی کورد تەرخان کردبایە و وازیان لە بێگانەپەرستی هێنابایە و بۆ ئافەرم و بارەقەڵایەکی بێگانان ملی خۆیانیان نەشکاندبایە و پشتیان لە میللەتەکەی خۆیان نەکردبایە، هیچ شک و گومان لەوە دا نییە کە ئەمڕۆ ئەگەر ئێمەش لە ریزی هێندێ لە میللەتاندا نەبوایەین لانیکەم لە هەندێ بواردا لە پێشەوەی دەرودراوسێکانمانەوە دەبووین و ئەوەندە نەدەبووینە گاڵتەجاڕی ئەم و ئەو.

ئەوانەی پاکانە بۆ بێگانەپەرستی دەکەن، دەڵێن کاکە سەردەمی ئیبنی خەلەکان بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی نەبووە. نەخێر واباشترە بڵێن ئەوکات لە نێو گەلاندا تەنیا زانایانی کورد خۆیان بە کەم زانیوە و شێت و شەیدای بارەقەڵای بێگانان و داگیرکەرانی کوردستان بوون و بۆ بێگانان بوونەتە کەواسوورەی بەر لەشکر. ئەگینا ئەو کاتەی پیر شالیاریش بە زمانی کوردی دەستی کرد بە نووسین و تەنانەت لە سەردەمی مەولەویی تاوەگۆزییشدا هێشتا ئەوەی ئێستا پێی دەڵێن ناسیۆنالیزم و بە دەیان کتێبی لەسەر نووسراوە، لە گۆڕێدا نەبوو و کەسیش نەیدەزانی چییە. بەڵام ئەوەی هەیە خۆم بەکەمزانین و خەڵک بەزۆر زانینە. ئەوەش بەرهەمی تۆوێکە کە داگیرکەرانی کوردستان چاندوویانە و بەروبوومەکەشیان چنیوەتەوە و تۆزی خەرمانەکەیشی چووەتە گلێنەی ئێمەوە. بۆیە ئەمن وەک خۆم هەرگیز شانازی ناکەم بەو کەسانەوە کە لە مێژوودا شمشێریان بۆ بێگانان وەشاندووە و لەشکری دوژمنیان بۆ شکاندووە و قەڵای رژدیان بۆ لە دوژمن ئەستاندووە.

با ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە لە تەنیشت ئەوانەوە، زۆر زانای گەورە و پیاوی ئاییینیمان هەبوون کە نیشتیمانپەروەرییەکەیان پاڵپشتی ئایین و ئایینەکەیان پاڵپشتی نیشتیمانپەروەرییەکەیان بووە. شاعیرە هەست ناسک و نیشتیمانپەرەوەرەکانمان، رێبەرانی گەورەی شۆڕشەخوێناوییەکانمان هەر هەموویان پەروەردەی حوجرە و خانەقاکانی کوردستان بوون و بەرماڵیان لەسەر ئاوێ گەڕاوە و لەگەڵ ئەوەشدا هەموو هەوڵ و چالاکی و جووڵەی رۆژانەیان بۆ خزمەت بە گەلەکەیان بووە، چونکە زانیویانە (هەتا ماڵ پێی بوێ بۆ مزگەوت حەرامە). ئەوان ئەو زانا راستەقینە نیشتیمانپەرەوەرانە بوون کەلە ناخەوە لە پەیامی (حب الوطن من الایمان) تێگەیشتبوون و هەستیان بە چەوساوەیی نەتەوەکەی خۆیان کردبوو. ئەوان باش دەیانزانی ئەگەر قەرار بێ خزمەتێک بکەن، ئەوا دەبێ لە ماڵەکەی خۆیانەوە دەست پێ بکەن. ئەگەر قەرار بێ هەوڵ بدەن بۆ رزگاریی مرۆڤە بندەستەکانی رۆژگار، ئەوا دەبێ لە پێشدا خۆیان و نەتەوەکەیان لە بندەستی دەربێنن. ئەوان ئەڤینی خوا و نیشتیمانیان پێکەوە گرێ دابۆوە و مرۆڤدۆستییان لە خۆشویستنی ماڵی خۆیانەوە دەست پێ کردبوو. نموونەی ئەوانەش هەر لە (شێخ سەعیدی پیرانەوە بگرە هەتا شێخ ئەحمەدی بارزان و سەید رەزای درسیم و پێشەوا قازی محەممەد و مەلا مستەفای بارزانی) بەڵگەی ئەو قسانەمن. لە نێو شاعیرانیشدا لە ئەحمەدی خانیی مەزنەوە بگرە هەتا نالی و مەحوی و حاجی قادر و هەژار وهێمن و..

باشتر وایە بێینەوە سەر باسەکەمان و ئاوڕێک بدەینەوە لەو زانا و بلیمەتە کوردەی کە نەیزانی نیشتمان چییە و خزمەتی ئەوانیتری کرد و ئەو شانازییەی پێ نەبڕا بچێتە ریزی ئەو کەڵە پیاوانەوە کە لەسەرەوە ناویانم هێنا.

یەکێک لەو قەڵەمە کوردە بێگانەپەرستانەی کە هەموو توانای خۆی بۆ خزمەت بە ئەدەبی عەرەب خستووەتە کارەوە، «زیائەدین ئیبنی ئەسیر»ە. یاقووتی حەمەوی دەڵێ: ئیبنی ئەسیر، زیائەدین ئەبولفەتح نەسروڵڵا بنی ئەبی ئەلکەرەم محەممەد شەیبازی جەزیری، یە. باوکی زیائەدین کە سەر بە عەشیرەتی بەنی شەیبان بوو، بە هۆی پێگە کۆمەڵایەتییەکەیەوە پێی گوتراوە «ئەسیر». هەر بۆیەش زیائەدین و دوو برای لە خۆی گەورەتری بە ناوەکانی مەجدەدین و عێزەدین بە «بەنو الاسیر» ناوبانگیان رۆیوە. ئەسیر لە لایەن میرانی موسڵەوە کرایە قایمەقامی جزیرەی ئیبنی عومەر و خەڵکی ئەوێ متمانەیەکی زۆریان پێی هەبوو.

ئیبنی خەلەکان دەڵێ: زیائەدین لە موسڵ، کە لەوکاتدا ناوەندی زانست و ئەدەب و شوێنی پێگەیشتن و ئاوێتەبوونی کولتوورەکان و بیروباوەڕی جۆراوجۆری رۆژهەڵاتی و رۆژاوایی بوو و قوتابخانەکانیشی بەناوبانگ بوون، دەستی کرد بە خوێندن و فێربوونی زانست و پاش ماوەیەک لە «سەرف و نەحو و لۆغەت و هونەری بەلاغەت»دا کارامە بوو. لە تەمەنی سی ساڵاندا لە خۆی رادەبینێ پۆستی سیاسی و دادوەری وەربگرێت، هەر بۆیەش لە موسڵەوە رێگەی دەرباری سەلاحەدین ئەیوبی دەگرێتە بەر. کە دەگاتە شام، بە یارمەتیی قازی فازڵ کە وەزیری سەلاحەدین بووە، دەچێتە لای سەلاحەدین بوو بە سکرتێر (کاتب)ی ئەو. دوای مردنی سەلاحەدین ئەیوبی، مەلیک ئەفزەل کوڕە گەورەکەی سەلاحەدین، دەبێتە پاتشا و ئەویش دەبێتە وەزیری. لەبەر ئەوەیکە پاتشا بە تەمەن زۆر لەو گەنجترە، ئەو جڵەوی هەموو کاروبارەکان بە دەستەوە دەگرێت و بە پشتەبەستن بەو هێز و دەسەڵات و نفوزەی بە دەستی هێنابوو دەکەوێتە زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی خەڵک. هەر بۆیە قۆناغی وەزارەتی ئەو و پاتشایەتیی مەلیک ئەفزەلیش زیاتر لە چوار ساڵ خۆ ناگرێ و دەمشق دەکەوێتە بەردەستی براکەی مەلیک ئەفزەل و مامی و زیائەدین گیانی دەکەوێتە مەترسییەوە و بە راوتەگبیری «محاسن بن عجم حاجب» رزگاری دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ موسڵ و دەچێتە خزمەتی نورەدین ئەرسلان شا.

سی ساڵ چالاکی و کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی نابێتە هۆی ئەوەیکە زیائەدین لە کاروباری زانستی و ئەدەبی دوور بکەوێتەوە.

دەڵێن ئیبنی ئەسیر کابرایەکی لەخۆبایی و لووتبەرز بووە. خۆی ئەوەندە پێ زل بووە کە نێوانی لەگەڵ عێزەدینی برایشی نەبێت. ئیبنی خەلەکانیش دەڵێ: چەند جارێکی سەفەری موسڵم کردبێ، سەرەڕای ئەوەی زۆر زۆر حەزم لێ بووە چاوم پێ بکەوێ، بەڵام هەر رێک نەکەوت و ئەوەش هۆی ئەو بەرزەدەماخی و لووتبەرزییەی بووە.

ئیبنی ئەسیر گەلێک بەرهەمی لە بواری هونەری بەلاغەتدا نووسیوە و هەوڵیشی داوە هونەری نووسین لە پاوانی چین و توێژگەلی تایبەت رزگار بکات و بیهێنێتە نێو گۆڕەپانی زانست و هونەرەوە و شێوازی فێرکردنی بەلاغەت و شێوازەکانی بەکارهێنان و کارپێکردنەکەی و چۆنێتیی گەشەکردنەکەی بۆ هەمووان شی بکاتەوە.

سەرەڕای تەواوی ئەو شتانەش، بە هۆی ئەوەوە کە هۆنراوەکانی «ئەبوتەمام و بۆحتەری و موتەنەببی» لەبەر بووە و خۆی ئەو سێ شاعیرەی ناو ناوە «لات» و عوزا و مەنات، ناو بردووە، زۆر کارامە و لێهاتوو بووە لە ناسینی شیعردا و بۆچوون و تیۆریی نوێ و پڕ بایەخی لەو بوارەدا خستووەتە روو، بە شێوەیەک کە زۆربەی بیر و بۆچوونەکانی ئەو لە بواری رەخنەی ئەدەبیدا ئەوەندە بەرزن کە تەنیا لە رەخنەی ئەدەبیی سەردەمی هاوچەرخدا وێنەی هەیە.

بەرهەمەکانی ئیبنی ئەسیر بریتین لە:

١ـ الاستدراک فی الاخذ علی المخذ
٢ـ الجامع الکبیر فی صناعە المنظوم و المنثور (یا فی صناع ت ی.. )،
٣ـ رسائل ابن الاثی زر
٤ ـ المثل السائر فی ادب الکاتب و الشاعر
٥ـ الوشی المرقوم فی حل المنظوم

ئەو کابرایە مرۆڤێکی زۆر بە توانا بووە، بەڵام مخابن هەموو تواناکانی بۆ خزمەت بە ئەدەبی بێگانان بووە. دەزانم ئەوانەی بن و بنەچەیەکی هزری و خوێنیان دەچێتەوە سەر عارەبان و خەونی ئەوە دەبینن کە کوردستان رۆژێک لە رۆژان ببێتە بیابانێکی عارەبی، لەگەڵ ئەوەدا نین کە وشەی بێگانە بۆ عارەب بەکار بێنین. ئەو جۆرە کەسانە خۆیشان لێرە بێگانەن و هەر ئەوانەیشن کە شانازی بەو زانا کوردانەوە دەکەن کە خۆیان دۆڕاندووە بە بێگانان.

باسکردن لە کەسێکی وەک ئیبنی ئەسیر لێرەدا بۆ ئەوە نییە کە شانازی پێوە بکەین. بەڵکوو بۆ ئەوەیە کە نەوەی ئێستا و دوارۆژی کورد رێزی ئەو کەسانە بگرن کە خزمەتیان بە خاک و نیشتیمانی کوردەواری و ئەمڕۆ و دوارۆژی ئەو گەل و خاکە کردووە.

هێمن موکریانی دەڵێ:

بۆت نووسیوم بۆت بنووسم ئەمن چیم
دوندی قەندیل گۆڕەپانی هەڵگورد نیم
بەرەو بەرزایی دەچم گەرچی وردم
خاکی بەرپێی تێکۆشەرێکی کوردم

**ماڵپەڕی ئینتەرنێتی سەرچاوەی نووسینی ئەو بابەتەیە.**

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

NO: 537 21 June 2010

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com : Hotbird: 6 MHz 11200
Polarization: Vertical - S R: 27500 - FEC: 5/6

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


بەر لە ماڵاوایی

# لە دڵمایە
# بڕوای بەرینی بەدەریا گەیشتن

شلێر باپیری

لە ئێوارەیەکی هەوراویی هەولێری پایتەختدا لە پارکی سامی عەبدولڕەحمان کۆمەڵێک چالاکوانی مەدەنی، ڕۆژنامەنووس و خوێندکار لە ژێر دروشمی «لە دڵمایە بڕوای بەرینی بە دەریا گەیشتن» کۆ بوونەوە و یادی ٥ شەهیدی نوێی ڕێگەی ئازادی و دیموکراسی (فەرزاد کەمانگەر، شیرین عەلەم هولی، فەرهاد وەکیلی، عەلی حەیدەریان و مەهدی ئیسلامیان)یان لە چلەمین ڕۆژی شەهیدبوونیاندا بەرز ڕاگرت و شەهیدانی ١٩ی بانەمەڕی ڕۆژهەڵاتیان بە شەهیدانی یەکی شوبات لە باشوور سپارد.

ڕێوڕەسمەکە لەلایەن «کەمپەینی کوردستان بۆ بەرگریی لە زیندانیانی سیاسی» ڕێکخرابوو. بێگومان ئەو کارە خۆبەخشانەیە وەک هەر کارێکی تر بێ کەموکووڕی نەبوو، بەڵام ئەوەی تێبینیم کرد جیاوازتر بوو، چونکە ڕێوڕەسمەکە بەپێچەوانەی بۆنەکانی تر، سەرجەم حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی لە یەکتری کۆ کردبووەوە.ئەو شەهیدانە بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مایەی شانازیین، هەر لەوبارییەوە ماوەیەک لەمەوپێش «پەیمانگەی کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان» سێمینارێکی بۆ حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهێنا ، کە بەداخەوە نەیتوانی ئەو حزبانە بەیەکەوە کۆ بکاتەوە و بەشێک لە حزبەکان هەر بەشدارییان نەکرد. ئەمە تەنیا وەک ئاماژەدان و بەراوردێک بوو کە تا ئێستە بە هەوڵدانێکی زۆر نەتوانراوە هەموو حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی بەیەکەوە کۆ بکرێنەوە، بەڵام کەمپەینی کوردستان لانیکەم هەموو حزب و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی لە هەرێمی کوردستان لە یەکتری کۆ کردەوە کە کەمتر کۆنگرە و کۆنفرانسێک دەتوانێ کاری لەو شێوەیە بکات.

ئەو شەهیدانە بوونە مایەی یەکگرتوویی پەیامی حزبەکانی ڕۆژهەڵات و هێمای ڕێکخستنی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە تاراوگە.ڕاستە مەرگی ئەو شەهیدانە بووە هۆی خەمێکی گەورە بۆ گەلی کورد ، بەڵام لە هەمان کاتدا هەموانی لە دەوری یەکتری کۆ کردەوە وئەوان بەبێ جیاوازی و بەیەکەوە یادی ئەم شەهیدانەیان بەرز ڕاگرت، بە بێ بیرکردنەوە لەوەی کە کام حزب مێژووەکەی زیاترە، کامیان جەماوەریترە ، کامیان نەتەوەیی یاخۆ ئێرانییە و هەڵگری کام بیروباوەڕی سیاسییە. هەموویان تاجەگوڵینەیان لە بەرامبەر وێنەی ئەو ٥ شەهیدە دانا وسەری ڕێزیان لە ئاستیان دانواند. چونکە هەموان ئامانجی گەورەتر لە حزبەکانیان هەبوو کە ئەویش ئازادیی ڕاستەقینەی کوردستانە و هیچی تر. ئەو هاودەنگی و یەکگرەنگییە بە سەرجەم ساتەکانی ڕێوڕەسمەکەوە دیار بوو و ئەوانەی لە ژوورەکانی کۆنگرەی حیزبەکانیان لیک نەبان بوون، لە چلەی شەهیدانی ١٩ی بانەمەڕدا دەستی یەکبوونیان دەکوشی و شەرمیان لە شەهیدان دەکرد.لەگەڵ ئەوەشدا چالاکی و جموجۆلی گەنجان و لاوانی بەشداربوو کە زۆرێک پێیان وایە چەقبەستوون و لە هەڵوێست کەوتوون، ئومێدێکی نوێی خستە نێوجەستەی ماندووی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە باشوور و پەیامێکی گەیاند کە هەرچەندە لاوانمان بەدەست لەتبوون و دابڕانەوە ماندوون، بەڵام هێزی پێکهێنانی گۆڕانییان هێشتا تێدا ماوە.

با ئەوەش بڵێم کە کچان و ژنان بەشدارییەکی بەرچاویان هەبوو، چ بە کارکردن لە کەمپەینەکەدا وەک ئەندام و چ وەک بەشداربوو، کە ئەوەش هێمایەکە بۆ ئەوەی ژنان بەردەوام لە ڕیزی پێشەوەی ئەو خەباتەدان کە پیاوان خۆیان بەپێشڕەوی دەزانن.

تەنیا کوردەکانی ڕۆژهەڵات نەبوون کە لەم یادە دابەشدار بوون، بەڵکوو کوردەکانی باکوور و ڕۆژئاوا و باشووری کوردستانیش هاوکاری باش بوون و سەلماندیان کە ڕۆڵەی تێکۆشەری کورد لە هەر شوێنێک شەهید بێت خەم وئازارەکەی هی هەموو کوردێکی وڵاتپارێزە. نێزیکبوونەوەی حزبەکان لە لایەک و هاوبەشیی کوردەکانی پارچەکانی تری کوردستان لەلایەکی دیکەوە ، پەیامی هاوخەمی وهاوپێوەندیی نەتەوەیی چوار پارچەکەی کوردستانی بەگوێی بەشداراندا چرپاند.هەرچەندە ئەو هەڵمەتە مرۆیی و نەتەوەیییە پێویستی بە پشتیوانی و پێشوازیی فرەوانتری جەماوەر و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی باشووری کوردستان هەبوو، بەڵام وەک دەسپێک بە هەنگاوێکی باش دەژمێردرێ. سەلماندمان کە هەموومان بە یەک ئامانج و بە ڕۆحێکی کوردانە و لە پێناو مرۆڤایەتیدا کارمان کرد، ئەوەش بنەمای سەرکەوتنە بۆ قۆناخێکی گەورەتر و سەرکەوتووتر و سەرەتای کارکردنە بە ڕۆحێکی خۆبەخشانە و هاوکارانە.

هیوادارم نێزیکبوونەوەکان تەنیا تایبەت نەبن بە ڕێوڕەسمەکانی ماتەمینی و ئەوە تەنیا کەناڵێک نەبێ بۆ زیاتر لێک نێزیکبوونەوەی حزبەکان .بەڵکوو ئەوان سەرەڕای جیاوازیی بیروڕاکانیان لە زۆر بۆنەی جۆراوجۆری دیکەشدا گرنگی بە یەکخستنی پەیامی کورد لەم قۆناخەدا بدەن تا بتوانین لە بەرامبەر دوژمنانی دەوروبەرماندا وشیاری و یەکگرتوویی خۆمان وەک کورد بسەلمێنین و پیلانەکانیان لە دژی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمان پووچەڵ بکەینەوە.

دیسانەوە هەزاران سڵاو لە شەهیدانی ڕێگای ئازادیی نەتەوەکەمان .هەر بەرز بن ئەوانەی بە بەرزی سەر دەنێنەوە و لەگەڵ مەرگیاندا سەرلەنوێ لەدایک دەبنەوە.

# دووهەمین فستیڤاڵی
# فۆلکلۆری کوردی لە شاری پیرانشار بەڕێوە چوو



ئەنجومەنی ئەدەبیی چرای پیرانشار ڕێکەوتی ٢٤ی جۆزەردان دووهەمین فستیڤاڵی فۆلکلۆری کوردی لە ژێر ناوی «هەوارگەی سۆز» بە بەشداریی دەیان کەس لە هونەرمەندان و سەدان کەس لە هونەردۆستانی کوردستان لە هۆڵی ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامیی ئەو شارە دا بەڕێوە برد.

بە پێی هەواڵی ئەنیستیتۆی خانی ئەم فێستیڤاڵە بە بەشداریی هونەرمەندان ڕەسووڵ نادری، برایم قادری، سەید عەلی سەردەشتی، خلە دەرزی و دەیان حەیرانبێژی دیکەی کوردستان و کەسانی خاوەن را لە بواری فۆلکلۆری کوردی وەک ئەحمەد بەحری، عەزیز وەلیانی، سوارە فتووحی و سەلاح پایانیانی لەنێو پێشوازیی گەرمی بەشداران دا بەڕێوە چوو.

ئەم فێستیڤالە دوای ٦ کاتژمێر پێشکەش کردنی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان و لێکۆڵینەوە و باس لە سەر فۆلکلۆری کوردی بە دابەش کردنی خەڵات بە سەر هونەرمەندان دا کۆتایی پێهات .

پێویستە بوترێ بە پێی لێدوانی بەرپرسی ئەنجومەنی «چرا» ئەم فێستیڤاڵە بە مەبەستی ڕێز گرتن لە هەموو ئەو کەسانە بەڕێوە چوو کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە بواری گۆرانی و موسیقا و ئاواز و مەقام و هەڵپەرکێ و .... خزمەت بە فۆلکلۆری کوردی دەکەن.

# بەرپرسی ئەنجومەنی نەتەوەیی وێنەگرانی ئێران
# خەڵاتی هونەریی وەزارەتی ئیرشادی وەرنەگرت



**مریەم زەندی، بەرپرسی ئەنجومەنی نەتەوەیی وێنەگرانی ئێران ئامادە نەبوو خەڵاتی هونەریی وەزارەتی ئیرشاد وەربگرێ.**

زەندی لە نامەیەک دا بۆ محەممەد حوسێنی، وەزیری ئیرشادی ڕێژیم دا لە پێوەندی لەگەڵ هێرشکردنە سەر پیشەی وێنەگری و وێنەگران و نائەمنی و پیشەیی و گیانی بۆ وێنەگرانی ئێران ڕەخنەی توندی لە بەرپرسانی حکوومەتی گرتوەو دەڵێ: بە پێی ئەو هەڵسوکەوتەی دەوڵەتی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگەی هونەریی نێوخۆیی دا دەکا، ئەو قەت ئامادە نیە ئەو خەڵاتە وەربگرێ.

هەر بە پێی هەواڵی بی بی سی، حوسێنی پێشتر داوای لە مریەم زەندی کردبوو تا بە ئامادە بوونی لە کۆبوونەوەیەک دا بە بەشداری ٧٠ کەس لە هونەرمەندانی دیکە ئەو خەڵاتە لە دەستی ئەحمەدی نژاد وەربگرێ، بەڵام ناوبراو بە ئاشکرا ڕایگەیاند هیچ هۆکارێک بۆ وەرگرتنی ئەم خەڵاتە نابینێ و بەشداری لەو کۆبوونەوەیەش دا ناکا.

ناوبراو هەر لەم نامەیەدا ئاشکرای کردوە دوای سەرهەڵدانی ناڕەزایەتیی بە ئاکامی هەڵبژاردن دەیان وێنەگری ڕۆژنامەنووس لە ئێران دەسبەسەرکران و ژمارەیەکی زۆریش لەو هونەرمەندانە ناچار بوون بە هۆی مەترسی گیانی و پیشەیی ڕوو لە هەندەران بکەن.

# ئێران پلەی یەکەمی
# لە ڕاکردنی ڕۆژنامەنووسانی دا هەیە



کۆمیتەی داکۆکی لە ڕۆژنامەنووسان لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا بڵاوی کردەوە ئێران پلەی یەکەمی لە ڕاکردنی ڕۆژنامەنووسانی دا هەیە.

ئەم کۆمیتەیە کە ناوەندەکەی لە نیۆیۆرکە، ئامارو ناونیشانی هەموو ئەو ڕۆژنامەنووسانەی تۆمارکردوە کە بە هۆی توندوتیژی و هەڕەشە لێکردنەوە لە وڵاتەکەی خۆیان ڕایان کردوە و پەنایان بردۆتە بەر وڵاتێکی دیکە.

کۆمیتەی داکۆکی لە ڕۆژنامەنووسان دەڵێ: لانیکەم نیوەی ئەو ڕۆژنامەنووسە ئێرانیانەی کە لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا لە ئێران هەڵاتوون چوون بۆ تورکیەو، لە بارودۆخێکی زۆر خراپ دا ژیان بەسەر دەبەن.

ئەم کۆمیتەیە لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا باس لە هەڕەشەی سیخوڕە ئێرانییەکان لە دژی ڕۆژنامەنووسانی هەڵاتوو بۆ تورکیە دەکا، کە ئەگەر بە ئاشکرا قسە لەسەر هەلومەرجی ئێران بکەن، ئەوا تۆڵە بنەماڵەکانیان دەستێندرێتەوە.

# ژۆزێ ساراماگۆ نووسەری
# ناوداری پورتەغالی کۆچی دوایی کرد



ژوزێ ساراماگۆ،ڕۆژنامەنووس، چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی بە ناوبانگی بەرەچەڵەک پورتەغالی و براوەی خەڵاتی نوبێلی ئەدەبیاتی ساڵی ١٩٨٨ ڕۆژی ١٨ی ژوئەن دوای ماوەیەک بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی لە تەمەنی ٨٧ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.

ساراماگۆ لە دایکبووی ساڵی ١٩٢٢ی شارۆچکەیەکی شاری لیسبۆنی پێتەختی پورتەغال بە بڵاوکردنەوەی کتێبی «کوێری» لە ساڵی ١٩٩٥دا کە باس لە وڵاتێک دەکا دانیشتووەکانی کوێر دەبن، ئەو پەڕی ناوبانگی دەرکرد.

ناوبراو ساڵی ١٩٩٠ و دوای نارەزایەتیی پارتی ڕاستە ئاژۆی ئەو وڵاتە لە کتێبێکی ناوبراو لە ژێر ناوی «ئینجیل لە ڕوانگەی عیسا مەسیحەوە» بە ناچار ڕووی کردە دورگەی لانزاروت، دەوڵەتی ئەو کاتی پورتەغال بە هۆی ئەوەی کە ئەم کتێبەی سووکایەتی بە کاتۆلیکەکان دەزانی نەیهێشت بچێتە ریزی کاندیداکانی خەڵاتی ئەدەبیی ئورووپاوە.

بەرهەمەکانی ناوبراو وەرگێردراونەتەوە سەر زیاتر لە ٢٠ زمانی دنیا و دەخرێنە ریزی بەرهەمەکانی مامۆستای رئالیزمی جادوویی، گابرێیل گارسیا مارکێزی کۆلۆمبیایی. هێندێک لە بەرهەمەکانی بریتین لە « گەشتی بەردین»، «بالتازارو پیلمۆندا»، «ساڵی مەرگی ریکادۆریس»، «مێژووی گەمارۆدانی لیسبۆن»، «بینایی» و «ئەشکەوت».

# خەڵاتی مافی مرۆڤی
# ئوتریش بە شیرین عیبادی درا



ئوتریش خەڵاتی مافی مرۆڤی «فلیکس ئارماکورا»ی بە شیرین عیبادی، مافناس و چالاکی مافی مرۆڤی ئێرانی بەخشی.

ئیشپیندێل ئاگر، وەزیری دەرەوەی ئوتریش کە لە ڕێورەسمی بەخشینی ئەم خەڵاتە دا پێشوازی لە عیبادی کرد لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسی دا ڕایگەیاند: کێشەی ناوکی ئێران نابێ وا بکا بابەتی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ئێران پشتگوێ بخرێ.

ناوبراو هەروەها باسی لە ئاخنرانی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی لە زیندانیانی سیاسی، سەرکوتی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە ئێران دا کرد و گوتی پێشێلکردنی مافی کوردەکان و بەهاییەکان لە ئێران دا شتێک نییە کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی نەیبینێ و لێی تێپەڕ بێ.

ئیشپیندێل ئاگر، ڕایگەیاند کە ئازادیی هەڵبژاردنی ئایینی، ئازادیی ڕادەربڕین و مافی ژنان، منداڵان و مافە نەتەوایەتییەکان لە ریزی پرەنسیب و مافە گشتگیرە جیهانییەکانن و کۆماری ئیسلامی بە پێی دەروەستییەکانی بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەبێ ڕێزیان لێ بگرێ و ئەو مافانە بۆ هەموو خەڵکی ئێران وەک یەک دابین بکا.

## چاپکراوی نوێ

### هاونەتەوەیی کورد وماد



کتێبی"هاونەتەوەیی کورد و ماد، چاوگە، ڕەگەز، مێژووی شارستانەتیی کوردستان" لە وەرگێڕانی جەلیل گادانی لە چاپێکی نوێ دا کەوتە بازاڕەوە. نووسەری ئەم کتێبە، حەبیبوڵڵای تابانی یە. چاپی دووهەمی"هاونەتەوەیی کوردو ماد" لەلایەن دەزگای موکریانەوە بڵاوبۆتەوە و، ئەمجارە هەر دوو بەرگ لە توێی یەک کتێب (٥١٨ لاپەرە) دا، کەوتۆتە بەر دەستی خوێنەران.

### وانەی ئەم سەدەیە



کتێبی "وانەی ئەم سەدەیە" لەگەڵ دوو وتار سەبارەت بە ئازادی و حکوومەتی دێموکراتیک، لە نووسینی کارڵ پۆپەر، وەرگێڕی لاو ئیسماعیل زارعی کردوویە بە کوردی و لە توێی١٦٨ لاپەرەدا، لەلایەن دەزگای وەرگێڕانەوە چاپ و بڵاوبۆتەوە.

